Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ڕۆڵی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا

**م. ی. ژاوەرۆ عباس عمر**

بەشی ماتماتیک/ کۆلێجی زانست/ زانکۆی سلێمانی/ هەرێمی کوردستان/عێراق

Zhawaro. omar@univsul. edu. iq

## پوختە:

ئـەم توێژینەوەیـە لە(ڕۆڵـی فۆنیمـە ناکەرتییـەکان لـە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا) ئەکۆڵێتـەوە و جەخـت لەسـەر گرنگـی و کاریگەرییەکانیـان لـە پرۆسـەی فێرکردنـدا ئـەکات، بـە ئامانجـی هۆشـیار کردنـەوەی مامۆسـتایان و پـەروەردەکاران لەبـارەی ڕۆڵ و گرنگـی ئـەم تایبەتمەندییەیـی زمـان، بـەو پێیـەی ڕەنگـە بەشـێکی زۆری پـەروەردەکاران بـە هـۆی نەبوونـی هۆشـیاریی و . زانیارییـی لـە بـارەی فۆنۆلۆژیـی زمانەکەیانـەوە زۆر گرنگـی بـەم لایەنـەی زمـان نـەدەن لـە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا، کـە ئەمـەش زۆرجـار گرفـت بۆفێرخـوازان درووسـت ئـەکات، ڕێبـازی توێژینەوەکە(پەسنیی/شـیکاریی)یە، هەروەهـا کەرەسـتەی توێژینەوەکەمـان لـە زمانـی ئاخاوتنـی ڕۆژانـەی خەڵکـەوە وەرگرتـووە، گرنگیـی ئـەم توێژینەوەیـە لەوەدایـە، کـە تیشـک خراوەتـە سـەر یەکێـک لـە تایبەتمەندییـە گرنگەکانیـی زمـان ئەویـش فۆنیمـە ناکەرتییەکانـە، کـە ڕۆڵێکی بەرچاویـان لە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا هەیـە، چونکـە ڕەنگـە بەشـێکی زۆری مامۆسـتایان و پـەروەردەکاران ئاشـنا نەبـن بـە گرنگیـی و کاریگەریـی ئـەم فۆنیمانـە لـە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا، هەربۆیـە لەسـەر پـەروەدەکاران پێویسـتە زۆر گرنگیـی بـەم لایەنـەی زمـان بـدەن، بـەو پێیـەی پێکهاتـەی بنەڕەتیـی کـردەی ئاخاوتـن و جیـاوازن لـە زمانـی نووسـین. لـە ئەنجامـدا ئـەوە خراوەتـە ڕوو، کـە فۆنیمـە ناکەرتییـەکان وەک چەترێـک وان بـە سـەر (وشـە، بڕگـە، ڕسـتە)کاندا، هـەر بۆیـە لـە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا ئاسـانکارییەکی بـاش ئەکـەن لـە پێنـاوی دەربڕینێکیـی ڕوونـتر و کەمکردنـەوەی تێنەگەیشـتنەکان، هەروەهـا ئـەوە پشتڕاسـتکراوەتەوە هەریەکە لـەم فۆنیمانـە بەشـدارن لـە واتـادا، بـەو پێیەیـی هەریەکـە لـە (هێـز و ئـاوازە و وەسـتان)ئەتوانن گرنگیـی و واتـای وشـەیەک، یاخـود ڕسـتەیەک بگـۆڕن. ئـەم توێژینەوەیـە جگـە لـە پێشـەکیی و ئەنجـام خـۆی لـە دوو تویـیـی دووبەشـدا ئەبینێتـەوە، بـە شـێوەیەک بەشـی یەکـەم بـۆ (کورتەیـەک دەربـارەی پرۆسـەی وانەوتنـەوە) تەرخانکـراوە، کـە خـۆی لـەم تەوەرانـەدا ئەبینێتـەوە (وانەوتنـەوە وەک پرۆسـەیەک، پرۆسـەی وانەوتنـەوە چەمـک و ناسـاندن، توخمـە سـەرەکییەکانی پرۆسـەی وانەوتنـەوە، ڕێگـەی وانەوتنـەوە و شـێوازی وانەوتنـەوە، تایبەتمەندییەکانـی وانەوتنـەوەی سـەرکەوتوو)، بەشـی دووەمیـش بـە ناونیشـانی(ڕۆڵ و گرنگیـی فۆنیمـە ناکەرتییـەکان لـە پرۆسـەی وانەوتنەوەدا)یـە، کـە خـۆی لـەم تەوەرانـەدا ئەبینێتـەوە (پۆلێنکردنـی فۆنیمەکانـی زمـان، فۆنیمـە ناکەرتییـەکان، ڕۆڵـی فۆنیمـە ناکەرتییـەکان پەیوەسـت بـە پرۆسـەی وانەوتنـەوە، هێـز، ئـاوازە، وەسـتان). لـە کۆتاییـدا ئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە، لیسـتی سـەرچاوەکان، پوختـەی توێژینەوەکـە بـە هـەر دوو زمانـی ئینگلیزیـی و عەرەبیـی خراوەتـە ڕوو.

**کلیلە وشەکان : پرۆسەی وانەوتنەوە، فۆنیمە ناکەرتییەکان، هێز، ئاوازە، وەستان**

Recieved: 17/4/2024
Accepted: 13/5/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

پرۆسەی وانەوتنەوە بە یەکێک لە پرۆسە گرنگەکانیی بواری پەروەردە و فێرکردن دائەنرێت، هەربۆیە لەسەر مامۆستا پێویستە شارەزاییەکی تەواوی لە رێگە و شێوازە جیاوازەکانی پیداگۆجیی و وانەوتنەوەدا هەبێت، لە هەمان کاتیشدا پێویستە گرنگیی بە ئاستی دەنگسازیی بدات، چونکە ئەم ئاستەی زمان لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا رۆڵێکی یەکجار باڵا ئەگێرێت لە گەیاندنی پەیام و واتای دەربڕینەکان بە شێوەیەکیی راست و درووست، بەو پێیەیی پرۆسەی وانەوتنەوە لە رێگەی کردەی ئاخاوتنەوە جێبەجێ ئەکریت، هەربۆیە فۆنیمە ناکەرتییەکان (هێزو ئاوازە و وەستان) بەشێک ئەبن لەو پرۆسەیە، واتە ئەم فۆنیمانە گرنگییان لە کردەی ئاخاوتندا دەرئەکەوێت، هەربۆیە رۆڵیان لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا نابێت نادیدە بگیرێت. دەنگی مامۆستا رۆڵێکی سەرەکیی ئەبینێت بەو پێیەی لە رێگەیەوە . زانیاریی لە پۆلدا ئەگوازرێتەوە، واتە روونیی لە قسەکردن و بێژەکردنی درووست زۆر گرنگە بۆ ئەوەی فێرخوازان لەبابەتەکە تێبگەن، دەنگێکی باش ئەتوانێ زۆر بە ئاسانی سەرنجی خوێندکاران رابگرێت و بیپارێزێت و لە هەمان کاتدا دڵنیا بێت لەوەی، کە پەیامەکە بە شێوەیەکی کاریگەر گەیشتووە. لەبەرئەوە پەروەردەکاران ئەتوانن بۆ باشترکردنی توانای پەیوەندییکردن و لەیەکتر گەیشتن گرنگییەکی زیاتر بەلایەنی دەنگسازیی بدەن و لە ناو دەنگسازییشدا فۆنیمە ناکەرتییەکان، کە ئەتوانرێ سوودێکی زۆری لێ ببینرێت. لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا لایەنی دەنگ و هەموو ئەو دیاردانەی پەیوەندییان بە دەنگەوە هەیە، کار ئەکەنە سەر بڕی چۆنێتیی و چەندێتیی گەیشتنی ئەو پەیامەی، کە مامۆستا ئەیەوێ بە خوێندکاری بگەیەنێت. واتە بەکارهێنانی دەنگ بە شێوەیەکیی درووست ئەتوانێ رۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی(فێرکردن و فێربوون)دا ببینێت، بەو پێیەی یارمەتیدەرە لە گەیاندنی پەیام و بیرۆکەکان بە باشیی.

### بەشی یەکەم/ کورتەیەک دەربارەی پرۆسەی وانەوتنەوە

### (١/١) وانەوتنەوە وەک پرۆسەیەک (Teaching as a Process)

پرۆسەی وانەوتنەوە بە یەکێک لە پرۆسە گرنگەکانیی بواری پەروەردە و فێرکردن دائەنرێت، چونکە لە لایەکەوە پەیوەستە بە خودی تاکەوە لە لایەکی تریشەوە بە خاڵی یەکەم و دەستپێکی بەرەوپێشچوون و گەشەکردن و بنیاتنانی ژیاریی و شارستانێتیی دائەنرێت، هەربۆیە ئەگەر بمانەوێت تاکەکانمان بەرەوپێش بچن پێویستە چاوێک بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بخشێنینەوە. پرۆسەی وانەوتنەوە پرۆسەیەکی کرداریی فرەلایەنە و ئەرکی هاوبەشییکردنی . زانیارییە لە نێوان فێرخوازاندا، کە ئامانج لێی گەشەکردن و پەروەردەکردنی خوێندکارانە، ئاشکراشە پرۆسەی وانەوتنەوە لە ناوەڕۆکدا((بریتییە لە چاندنی تۆوی بیری رەخنەگرانە و کارکردن لەسەرئەوەی فێرخواز ئاراستە بکرێت بەوەی، کە تینوێتیی بۆ زانیین و فێربوون هەبێت. ))(Schoenfeld,٢٥٠,١٩٩٩)،هەربۆیە کارکردن لەسەر دانانی پلانێکی ورد و گونجاو لە هەمان کاتدا پەرەدان بە توانای پەیوەندییکردن لەگەڵ فێرخوازە جۆراوجۆرەکان و ناسینی پێداویستییەکانیان بە بەشێکی یەکجار باڵا لە پرۆسەی فێربووندا دائەنرێت.

لەراستیدا، کاتێک کەسێک . زانیاریی یاخود لێهاتوویی بەکەسێکی تر ئەبەخشێت باو و ئاساییە، کە کردارەکە وەک فێرکردن وەسف بکرێت، واتە بەخشینی . زانیارییەکان بەواتای هاوبەشیکردنی ئەزموونەکان و گەیاندنی . زانیاریی دێت، بۆیە)(پرۆسەی وانەوتنەوە هەم وەک هونەرێک هەم وەک زانستێک سەیر ئەکرێت، وەک هونەر جەخت لەسەر توانای خەیاڵیی و هونەرییەکانی مامۆستا ئەکاتەوە لە درووستکردنی دۆخێکی شایستە لە پۆلدا، بۆ ئەوەی خوێندکاران بتوانن فێربن. وەک زانستیش تیشک ئەخاتە سەر هەنگاوە لۆژیکیی و کردارییەکان، کە پێویستە بۆ

گەیشتن بە ئامانجێکی پەروەردەیی کاریگەر پەیڕەو بکرێت)(Major,٢٣,٢٠١٤)، ئاشکراشە وانەوتنەوە تەنیا لە شوێنی فەرمیی یاخود پۆلدا سنوردار نییە، بەڵکو ئەشێت لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا رووبدات وەک(قوتابخانە، زانکۆ، شوێنی کار، . . . . هتد)، یان لەشوێنە نافەرمییەکانی وەک(ماڵ، کۆمەڵگا، . . . . . هتد).

(٢/١)پرۆسەی وانەوتنەوە چەمک و ناساندن Teaching process concept and introduction

چەمکی وانەوتنەوە پرۆسەیەکە، کە مامۆستا بە پێویستی ئەزانێت ڕەفتاری پەروەردەیی و کەسی خۆی لەگەڵ فێرخوازەکانیدا هاوبەشی بکات. وانەوتنەوە بە لایەنی پراکتیکی فێرکردن و شێوە گرنگەکانی دائەنرێت، فێرکردنیش کارا نابێت تاوەکو پێشتر پلانی بۆ دانەڕێژرابێت و بەرێگەیەکی رێکخراو و یەک لەدوای یەک نەخشەسازی بۆ نەکرابێت، لەبەرئەوە (وانەوتنەوە چالاکییەکی پێکەوە بەستراوە بە ئامانجی وروژاندن و ئاسانکردنی ئەرکی فێربوون)(سیوەیلی، ٢٠١٤، ١١)، کەواتە وانەوتنەوە چەمک و پراکتیکێکی بنەڕەتییە، کە بریتییە لە گواستنەوەی . زانیاریی و لیهاتوویی لە کەسێکەوە، کە بە مامۆستا یاخود پەروەردەکار ناسراوە. ئەم پرۆسەیە رۆڵێکی ناوەندی لە پەروەردە و گەشەپێدانی مرۆییدا ئەگێڕێت. بێگومان وانەوتنەوە بوارێکی دینامیکی و پەرەسەندووە، کە بەردەوامە لە خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی پێداویستییەکانی فێرخوازان و کۆمەڵگادا. فێرکردنێکی باش ئەتوانێت کاریگەرییەکی قوڵ لەسەر تاکەکان وکۆمەڵگا بەجێبهێڵێت، بەو پێیەی رۆڵێکی چارەنوسساز ئەگێڕێت لە داڕشتنی داهاتوو لە رێگەی ئامادەکردنی تاکەکان بەو . زانیاریی و لێهاتووییانەی، کە پێویستییانە بۆ سەرکەوتن لە ژیانی کەسیی و پیشەیی خۆیاندا. ئاشکراشە هەموو قۆناغێک کاریگەریی لەسەر قۆناغی داهاتوو ئەبێت. (فێرکردنی کاریگەر پێویستی بە تێکەڵەیەک لە . زانیاریی (پیداگۆجیی، تواناکانی پەیوەندییکردن، . هاوسازیی، گونجاندن و پابەندبوون بە یارمەتیدانی خوێندکاران) بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی فێربوون هەیە)(Coe,٩,٢٠١٤) گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە شێوازەکانی وانەوتنەوە ئەتوانن زۆر جیاواز بن بەپێی بابەتەکە و ئاستی پۆلەکان و پێداویستییە تایبەتەکانی ئەو خوێندکارانەی، کە وانەیان پێئەوترێتەوە. بێگومان پەروەردەکاران بۆچوون و بیرۆکەی جیاوازییان سەبارەت بە ناساندنی پرۆسەی وانەوتنەوە هەیە و هەریەکەو لە روانگە و گۆشەنیگای جیاوازەوە پرۆسەکە ئەناسێنن بەم شێوەیە:

(جۆن بروباچەر- John Brubacher)(١٩٣٩) بەم شێوەیە پرۆسەی وانەوتنەوە ئەناسێنێت و ئەڵێت:(( فێرکردن بریتییە لە رێکخستن و دەستکاریکردنی دۆخێک، کە تێیدا بۆشایی یاخود بەربەست هەیە، کە تاک هەوڵی تێپەڕاندنی ئەدات و لە ئەنجامی ئەو کارەدا لێیەوە فێر ئەبێت))(Rajagopalan,٥,٢٠١٤).

(سمیس- Smith)یش وانەوتنەوەی بەم شێوەیە ناساندووە و ئەڵێت:((فێرکردن سیستەمێکە لە کردارەکان، کە مەبەست لێی هاندانی فێربوونە))( Coe,٧,٢٠١٤).

(جۆن دیوی- John Dewey) پێیوایە((وانەوتنەوە چالاکییەکی سێ جەمسەرییە، کە بریتین لە(خوێندکار، مامۆستا، ژینگە) هەر لەبەر ئەمەشە وانەوتنەوە پێی ئەوترێت( Kalam)((Tri polar process),٥٣,٢٠٢١)، (دیوی) زۆر جەخت لەوە ئەکاتەوە، کە هەموو پەروەردەیەک لە کۆمەڵگا و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا رووئەدات، بەواتایەکی تر هەموو ژینگەی تاک ئەبێت بە سەرچاوەی پەروەردە.


بە رای هەریەکە لە(دەیڤس و گاگن-Davis, Gagne)یش((وانەوتنەوە پرۆسەیەکی زانستییە و پێکهاتە سەرەکییەکانی بریتین لە:ناوەڕۆک، پەیوەندییکردن ، فیدباک))( Rajagopalan,٥,٢٠١٤).

لە ژێر رۆشنایی هەموو ئەم پێناسانەدا ئەتوانین ئەوە هەڵهێنجین، کە پرۆسەی وانەوتنەوە زنجیرە کردارو چالاکییەکی سیستماتیک و رێکخراوە، کە لە لایەن پەروەردەکارانەوە بەکارئەهێنرێن بۆ ئاسانکاریی فێربوون و تێگەیشتن

لـە خوێنـدکاران، جگـە لەمـەش پرۆسـەی وانەوتنـەوە بـە شـێوەیەکی گشـتیی چالاکییەکانـی وەک(پلاندانـان بـۆ وانـەکان، پێشکەشـکردنی ڕێنماییـەکان، هەڵسـەنگاندن و فیدباک)لەخـۆ ئەگرێـت، کـە دواجـار هەموویـان ئامانجیـان بەرزکردنـەوەی ئەزموونـی فێربـوون و یارمەتییدانـی خوێندکارانـە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە پەروەردەییـە تایبەتـەکان، کەواتـە ئەتوانیـن بڵێیـن تەکنیکەکانـی پرۆسـەی وانەوتنـەوە ئـەو ئامرازانـەن، کـە ڕەنگدانـەوەی سـەرکەوتنی پرۆسـەی فێربـوون و لێهاتووییەکانـی مامۆسـتا پیشـان ئـەدەن.

(٣/١) توخمە سەرەکییەکانی پرۆسەی وانەوتنەوە The elements of teaching process :

پرۆسـەی وانەوتنـەوە چەنـد توخمێکـی سـەرەکیی لەخـۆ ئەگرێـت، کـە پێویسـتن بـۆ ئـەوەی پرۆسـەی (فێرکـردن و فێربوون- Teaching&learning )ی کاریگـەر رووبـدات، ئـەم توخمانـە چوارچێوەیەکـی گشـتگیر بـۆ پـەروەردەکاران دابیـن ئەکـەن بـۆ پلاندانـان و جێبەجێکـردن و هەڵسـەنگاندنی شـێوازەکانی وانەوتنەوەیـان. لێـرەدا توخمـە جەوهەریەکانیـی پرۆسـەی وانەوتنـەوە ئەخەینـە روو: (Banner and Cannon,٢٠١٧,٨٣-٨٧)




(١-٣/١)دانانـی ئامانجـەکان(setting goals):دانانـی ئامانـج بەشـێکی گرنگیـی پرۆسـەی وانەوتنەوەیـە، کـە تێیـدا مامۆسـتایان وانـە و چالاکییەکانیـان لەسـەر بنەمـای ئـەو ئامانجانـە دائەڕێـژن، کـە ئەیانەوێـت فێرخـوازان بـە دەسـتی بهێنـن. ئامانجـەکان یارمەتیدەرێکـی باشـن لـە هەڵبژاردنـی کەرەسـتەی فێرکاریـی و شـێواز و سـەرچاوەی گونجـاو بەشـێوەیەک دانانـی ئامانجەکان سـتانداردێک دابیـن ئەکـەن، کـە ئەتوانرێـت گەشـە و پێشـکەوتنی خوێنـدکاران بەپێـی ئـەو سـتاندارده بپێورێت. جگـە لەمەش پـەروەردەکاران ئەتوانـن هەڵسـەنگاندن بـۆ فێرخـوازان بکـەن، کـە ئایـا خوێنـدکاران ئامانجەکانیـان بەدیهێنـاوە یاخـود نـا؟ بـە شـێوەیەکی گشـتیی ئەتوانیـن بڵێیـن دانانـی ئامانجـەکان هەنگاوێکـی سـەرەتایی و بنەڕەتییـە لـە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا، ئامانجـە دیاریکـراوەکان نەخشـە ڕێگەیـەک بـۆ مامۆسـتایان و خوێنـدکاران دابیـن ئەکـەن، بـۆ ئـەوەی پـەروەردەکاران دڵنیابـن لـەوەی ئەزمونەکانـی فێرکـردن و فێربـوون ئامانجـدار و کاریگـەر بـوون.

(٢-٣/١)پلاندانـان (planning):پلاندانـان بەشـێکی گرنگیـی پرۆسـەی وانەوتنەوەیـە و بریتییـە لـە دیزاینکردنـی هەڵسـەنگاندنەکان، کـە لەگـەڵ ئامانجەکانـی فێربوونـدا هاوتەریـبن، فێربوونـی کاریگـەر لـە پلاندانانـی ورد و بیرکردنـەوە دەسـت پـێ ئـەکات. پلاندانان یارمەتـی مامۆسـتایان ئـەدات روونیـی بکەنـەوە، کـە ئەیانەوێـت خوێنـدکاران چـی فێربـن.

هەروەهـا پلاندانـان رێگـە بـە مامۆسـتایان ئـەدات چالاکییـە فێرکارییەکانیـان ڕێکبخـەن، بەشـێوەیەک یارمەتیـدەر بێـت لـە بڕیـاردان لەسـەر ئـەوەی، کـە چ ناوەڕۆکێـک بگرێتـەوە، چ شـێوازێکی فێرکـردن بەکاربهێنرێـت و چ سـەرچاوەیەک بەکاربهێنرێـت لـە کاتـی وانەکانـدا، جگـە لەمـەش لـە رێگـەی پلاندانانـەوە، مامۆسـتایان ئەتوانـن سـەرچاوەی پێویسـت وەک)کتێبـی خوێنـدن، کەرەسـتەی مالتیمیدیـا، ئامرازەکانـی فێرکـردن( دەستنیشـان بکـەن و کۆیانبکەنـەوە. ئەمـەش دڵنیایـی ئـەدات لـەوەی، کـە پرۆسـەی وانەوتنـەوە بـە باشـی پشـتگیری ئەکرێـت و سـەرچاوەکان بـە شـێوەیەکی کارا بەکارئەهێنرێـن.

(١/٣-٣)هەڵسـەنگاندن(assessment):لە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا هەڵسـەنگاندن ئاماژەیـە بۆ((پرۆسـەی کۆکردنـەوەی زانیارییـی بـۆ باشـتر تێگەیشـتن لـە خاڵـە بەهێـز و لاوازەکانـی فێربوونـی خوێنـدکار))(Taras,٣٦٥,٢٠١٠). بێگومـان هەڵسـەنگاندنەکان فیدباکێکـی بـە نـرخ بـە مامۆسـتایان ئـەدەن، ئەمـەش وا ئـەکات پـەروەردەکاران دەسـتکاریی شـێوازی وانەوتنەوەکانیـان بکـەن، بـۆ ئـەوەی بتوانـن باشـتر پێداویستییەکانی فێرخوازانیـان دابیـن بکـەن، ئەمـەش بـەو واتایـە دێـت، کـە ئەگـەر هەڵسـەنگاندنەکان بـە شـێوەیەکی بنیاتنـەر بەکاربهێنرێـن ئەتوانـن پاڵنەرێکـی گـەورە بـن بـۆ ئـەوەی فێرخـوازان زیاتـر بەشـداری پرۆسـەی فێربـوون بکـەن.

(١/٣-٤)بەڕێوەبردنـی پـۆل(classroom management):بەڕێوەبردنـی پـۆل تیشخستنەسـەر ئـەو سـتراتیژی و تەکنیـک و شـێوازانەیە، کـە مامۆسـتایان بـەکاری ئەهێنـن بـۆ درووسـتکردن و پاراسـتنی ژینگەیەکـی فێـرکاری بەرهەمـدار و ئەرێنیـی لـە پۆلەکانیانـدا. بەڕێوەبردنـی کاریگەرانـەی پـۆل زۆر گرنگـە بـۆ پێشخسـتن و بەشـدارییکردنی خوێنـدکاران و دڵنیابـوون لـەوەی، کـە لـە کەشـێکی سـەلامەت و ڕێـزداردا باشـترین دەرفەتـی فێربـوون رەخسـاوە. واتـە درووسـتکردنی متمانـە لـە نێـوان مامۆسـتا و خوێنـدکاران زۆر گرنگـە کاتێـک خوێنـدکاران هەسـت بـە ڕێـز و بەهـا ئەکـەن؛ ئەگـەری ئـەوە زیاتـرە، کـە بـە شـێوەیەکی ئەرێنیـی بەشـداریی پرۆسـەی فێربـوون بکـەن.

(١/٣-٥)فیدباک(Feedback):لـە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا فیدبـاک بریتییـە لـەو . زانیارییانـەی، کـە بـە خوێنـدکاران ئەدرێـت سـەبارەت بـە شـێوازی کارکـردن، یـان تێگەیشـتنیان لـە بابەتێـک یاخـود کارامەییـەک. فیدبـاک پرۆسـەیەکی دوولایەنەیـە، کـە تێیـدا مامۆسـتا ئەتوانێـت لـە ئاسـتەنگەکانی خوێنـدکاران تێبـگات و لەسـەر ئـەو بنەمایـە شـێوازی وانەوتنـەوەی بگونجێنێـت، ئاشکراشـە فیدباکـی بنیاتنـەر ئەتوانێـت متمانـە و پاڵنەرەکانـی خوێنـدکاران بـەرز بکاتـەوە، ئەمـەش وایـان لـێ ئـەکات زیاتـر ئامـادە بـن و بەشـداریی پرۆسـەی فێربـوون بکـەن.

بێگومـان ئـەم توخمانـە بەیەکـەوە گرێـدراون و بـەردەوام لـە جوڵـەدان ، هەربۆیـە لەسـەر مامۆسـتایان پێویسـتە نـەرم و نیـان بـن و وەڵامـدەرەوە بـن بـۆ گۆڕانـی پێداویسـتییەکانی خوێندکارانیـان. بەمـەش ئەتوانیـن بڵێیـن پرۆسـەی فێرکردنـی سـەرکەوتوو بریتییـە لـە تێکەڵەیـەک لـەم توخمانـە، کـە بەپێـی چوارچێـوەی تایبـەت و پێداویسـتییە جۆراوجۆرەکانـی فێرخـوازان بگونجێـت.

## ٤/١)رێگەی وانەوتنەوە و شێوازی وانەوتنەوە(Teaching method & teaching style)

رێگـەی وانەوتنـەوە و شـێوازی وانەوتنـەوە دوو لایەنـی جیـاوازی پرۆسـەی وانەوتنـەوەن، کـە پـەروەردەکاران لەپێنـاوی فێربوونێکـی کاریگـەر بـەکاری ئەهێنـن بەشـێوەیەک:

٤/١- آ)رێگـەی وانەوتنەوە:رێگـەی وانەوتنـەوە یاخـود پیداگۆجیـی وانەوتنـەوە ئاماژەیـە بـۆ ئـەو فەلسـەفە و تیۆرییـە سەرتاسـەرییەی، کـە رێنمایـی مامۆسـتا ئـەکات چۆن کەرەسـتەکانی فێـرکاری دیزایـن بـکات و چالاکییەکانیی پـۆل ئەنجامبدات و لـە هەمـان کاتـدا فێربوونـی خوێنـدکار هەڵبسـەنگێنێت(Dmitrichenkova,٤٠,٢٠٢٠)، بـە واتایەکـی تـر ئـەو رێگەیەیـە،

کە تیشکدەخاتە سەر ئەو فەلسەفەو بنەما و ڕێنماییانەی، کە پەروەردەکار پەیڕەوی ئەکات بۆ گەیاندنی . زانیاریی و ئاسانکاریی تێگەیشتن لە فێرخوازان.

٤/١- ب)شێوازی وانەوتنەوە:ئەو شێواز و تەکنیکە تایبەتانەیە، کە مامۆستا بۆ پێشکەشکردنی ڕێنمایی و کارلێککردن لەگەڵ خوێندکاران بەکاریئەهێنێت. شێوازی وانەوتنەوە زیاتر پەیوەندی بە کەسایەتی مامۆستا و ڕەفتار و هەڵبژاردنی فێرکارییەوە هەیە لە چوارچێوەی فراوانتری ڕێبازی فێرکردندا، واتە ئەم جۆرە لە شێوازی وانەوتنەوە(ڕەفتاری مامۆستا، شێوازی پەیوەندییکردن ، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، تەکنیکەکانی بەڕێوەبردنی پۆل، شێوازەکانی بەشداریکردن) لەخۆ ئەگرێت(Al-Rawi,٢٠١٣,١٠٠)، کە ئەمەش دواجار ئەتوانێ کاریگەرییەکی بەرچاوی لە پرۆسەی فێربووندا هەبێت.

ئاشکرایە، ئەم دوو چەمکە جیاوازییەکی زۆر لە نیوانیاندا هەیە بە شێوەیەک هەرچی ڕێگەی وانەوتنەوەیە(چەمکێکی گشتگیر و گەورەترو فراوانترە، بەڵام شێوازی وانەوتنەوە بەندە بە سیفەتی تاکەکەسی مامۆستاوە، کە هیچ یاسایەکی دیاریکراو بۆ شێوازی وانەوتنەوە نییە((ڕسوڵ، ٢٠١٤، ١٠٧ )، کەواتە بە شێوەیەکی گشتیی ئەتوانین بڵێین تاوەکو ئێستاش((ڕێژەیەکی باش لە مامۆستایان جیاوازی لە نێوان ڕێگە و شێوازەکانی وانەوتنەوەدا ناکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ڕێگەی وانەوتنەوە ئەکرێت بە چەندین شێوازی جیاواز پێشکەشبکرێت))(قەرەچەتانی، ٢٠١٤، ١٤)، لەبەر ئەوە ئەکرێت چەندین مامۆستا بەیەک ڕێگە بابەتە جیاوازەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن بخەنە ڕوو، بەڵام شێوازەکەیان لە یەکتر جیاواز بێت، کەواتە لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەدا ئەتوانین بڵێین هەر مامۆستایەک شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە، کە جیائەکاتەوە لە مامۆستایەکی تر، بۆ نموونە زۆربەمان لە ئەزموونی ژیانی فێرخوازیماندا بینیومانە چەند مامۆستایەک بابەتی پرۆگرامەکانی خوێندنیان بەیەک ڕێگە وتۆتەوە وەک ڕێگەی(پرسیار و وەڵام، گفتوگۆ، هاوبەش، نمایش، ئەزموونی، . . . . هتد)، بەڵام شێوازی وانەوتنەوەکەیان بە تەواوی لەیەکتر جیاواز بووە.

## (٥/١)تایبەتمەندییەکانی وانەوتنەوەی سەرکەوتوو

مامۆستای سەرکەوتوو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی فێرکردن چەندان ڕێگەی سەردەمییانە هەڵئەبژێرێت لە پێناو ئەوەی بتوانێت سود بەفێرخوازەکانی بگەیەنێت، هەربۆیە هەڵبژاردنی ڕێگەیەکی نوێ و گونجاو بۆ وانەوتنەوە بە خاڵێکی گرنگ ئەژمار ئەکرێت، لەمڕووەوە خوێندکاران و مامۆستایان پێویستیان بە پەرەپێدانی متمانەی یەکتر هەیە، بێگومان پەروەردەکاران بەرپرسیارێتییەکی گەورەیان لەسەرە لە دروستکردنی کەشێکی ئەرێنیی لە پۆلدا، چونکە ئەرکیان گەیاندنی . زانیارییە بە فێرخوازان و ئامادە کردنیانە بۆ هەموو ئەو ئاڵەنگارییانەی، کە دێتە پێشیان هەم لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و هەم لە ژیانی پیشەییاندا. لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانیش:(Shikalepo,٢٠١٩,١٥٣-١٥٨)

## (١-٥/١)تایبەتمەندی پیشەیی(Professional Characteristics)

ئەم تایبەتمەندییە لەسەر بنەمای پێداویستییە پیشەییەکانی مامۆستایان و گونجاوی بۆ خزمەتکردن و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی پیشەی وانەوتنەوە دامەزراوە. تایبەتمەندی پیشەیی پەیوەندی بە زانینی ناوەڕۆکی پیداگۆجییەوە هەیە. مەبەستیش لە پیداگۆجیی ئاماژەیە بۆ((لایەنی تیۆری و پراکتیکی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، واتە پیداگۆجیی ئەو شێواز و ستراتیژی و بنەمایانە لەخۆ ئەگرێت، کە پەروەردەکاران بەکاری ئەهێنن بۆ ئاسانکاری فێربوون و یارمەتیدانی خوێندکاران بۆ بەدەستهێنانی (. زانیاریی، لێهاتوویی، هەڵوێست و بەهاکان). بەمەش ئەتوانین بڵێین پیداگۆجیی لایەنە جۆراوجۆرەکانی وانەوتنەوە لەخۆ ئەگرێت، لەوانە (دیزاینی مەنهەج، تەکنیکەکانی فێرکردن، شێوازی هەڵسەنگاندن و

فەلسەفەی گشتیی پەروەردە) ))(٢٠١٣,١١,Al-Rawi). مامۆستای سەرکەوتوو پێویستە بە باشیی ئاشنای پیداگۆجییەکانی فێرکردن بێت، چونکە هەموو پەروەردەکاران ئامانجیان پەرەپێدان و دابینکردنی پەروەردەیەکی کوالێتی بەرزە، هەر لەبەرئەمەشە زیاتر پشت بەو لێهاتووییانە ئەبەستن، کە پەیوەندییان بە کارامەیی و . زانیاریی و تایبەتمەندییە پیداگۆجییە درووستەکانەوە هەیە(٢٠٠٧,٢١,Burentt&Lingam) ، لێهاتوویی بوون لە زانینی ناوەڕۆکی پیداگۆجییدا ئەوە ئەگەیەنێت، کە پەروەردەکاران ئەزانن چۆن فێرخوازان رێکبخەن و فێریان بکەن، بە شێوەیەک بتوانن شارەزایی لە ناوەڕۆکی فێربووندا نیشانبدەن، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ یەکێک لە دۆزینەوەکانی توێژینەوەیەکدا، کە لەوڵاتی(ئوستراليا) ئەنجامدراوە تێیدا ئاماژە بە گرنگیی . زانیاریی ناوەڕۆکی پیداگۆجیی کراوە و گەیشتوون بەو ئەنجامەی، کە فێرخوازان توانای روونکردنەوەی باش لە لایەن مامۆستایانەوە و هەروەها بەشداریکردنیان لە ناوەڕۆکی وانەکاندا وەک تایبەتمەندییەکی گرنگیی فێرکردنی بالا هەڵسەنگاندووە(٢٠١٩,١٥٤,Shikalepo)

لەم سۆنگەیەوە ئەتوانین بڵێین مامۆستای باش تەکنیکەکانی درووستکردنی ژینگەیەکی فێرکاری رێک و پێک و لەبار ئەزانێت و ناوەڕۆکی بابەتەکە بە روونیی بۆ فێرخوازان ئەخاتە روو، هەروەها مامۆستای باش تەنها ئەوانە نین، کە مامۆستان بەهۆی هەبوونی بڕوانامەیەکی پیشەیی، بەڵکو ئەوانەن، کە توانای بەکارهێنانی لێهاتوویەکانی فێربوونیان لە پۆلەکانیان و ئەو ژینگەیەدا هەیە، کە تێیدا کار ئەکەن. پەروەردەکاری باش ئەزانێت چۆن خۆی لەگەڵ ژینگەیەکی چالاکدا بگونجێنێت و ئەرکەکان پراکتیزە بکات بە بێ ئەوەی سازش لەسەر بەرهەمهێنان بکات، وەک کەمبوونەوەی دەستکەوتی فێرخواز. لە رووی گەیاندنی ناوەڕۆکی بابەتەوە مامۆستای سەرکەوتوو ناوەڕۆکی بابەتەکە بە شێوەیەک پێشکەش ئەکات، کە زۆر روون بێت و . زانیاریی لەسەر بابەتەکە نیشانبدات، هەروەها خاڵە سەرەکییەکان لە کۆتایی وانەکەدا کورتبکاتەوە، کەواتە پوختەکردن یارمەتی فێرخوازان ئەدات بۆ بەدەستهێنانی خاڵە سەرەکییەکانی وانەکە.

لەمڕووەوە(سامپڵز و کۆپلاند)ئاماژە بەوە ئەکەن یەکێک لەو((رێگەیانەی مامۆستایان ئەتوانن متمانەی خۆیان لە لایەن فێرخوازانەوە بەدەستبهێنن، بریتییە لە توانای گەیاندنی ناوەڕۆکی بابەتەکە بە شێوەیەکی کاریگەر بۆ فێرخوازان. )) (٢٠١٣,٤٦,Samples&Copeland)، لە تایبەتمەندی پیشەییدا مامۆستایان لە هەموو کاتێکدا دادپەروەرن و دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ فێرخوازان ئەکەن لە رووی (وانەوتنەوە، هەڵسەنگاندن و نمرەدان)، هەروەها ئیمتیاز و دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو فێرخوازان ئەڕەخسێنن بۆ بەشداریکردن لە کاتی وانەوتنەوە و فێربووندا، هەربۆیە(واکەر)زۆر جەخت لەوە ئەکاتەوە، کە((مامۆستایانی باش ئەو تێگەیشتنەیان هەیە، کە(دادپەروەرانە)مەرج نییە بە مانای مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو فێرخوازێک وەک یەک بێت، بەڵکو بە مانای پێدانی دەرفەتە بۆ هەموو فێرخوازێک بۆ سەرکەوتن. ئەمەش ئەوە دەرئەخات، کە پەروەردەکاری باش تێئەگات هەموو فێرخوازان بە یەک شێوە و بە هەمان رێژە فێر نابن)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

## (٢-٥/١)تایبەتمەندی کەسایەتی (Personality Characteristics)

تایبەتمەندی کەسایەتی ئاماژەیە بۆ ئەو شێوازانەی رەفتار، کە تایبەتن بە تاک و چۆن ئەم خوو رەفتارانە رێکخراون. (٢٠١٢,٥٦,Arif)، ئاشکرایە کەسایەتی پەیوەستە بە خودی کەسەکەوە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە و مرۆڤ ئاراستە ئەکات، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ناوازە رەفتار بکات. کەسایەتی مامۆستا کاریگەریی لەسەر ژینگە و کەش و هەوای پۆل و، هەروەها کاریگەریی سەبارەت بە پاڵنەر و هەڵوێستی فێرخوازان بەرامبەر بە فێربوون هەیە. (٢٠١٣,١٧,Gao&Liu). پەروەردەکاری باش کەسایەتییەکی باش لە کاتی وانەوتنەوەدا نیشان ئەدات، کە سەرنجی

فێرخـوازان رائەکێشـێت تەنانـەت ئەگـەر مامۆسـتا باسـی وشـەیەکیش نـەکات، بەمـەش ئەتوانیـن بڵێیـن هەمـوو مامۆسـتایەک ئەتوانـێ لـە رێگـەی کەسـایەتییەکەیەوە ژینگەیەکـی گونجـاو بـۆ فێربـوون درووسـت بـکات، کـە تێیـدا فێرخـوازان هەسـت بـە متمانـە و پاڵنـەر بـۆ فێربـوون بکـەن.

هەمـوو مامۆسـتایەک کۆمەڵێـک تایبەتمەنـدی کەسـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، کـە لـە رەفتارەکانیـدا رەنـگ ئەداتـەوە، بـۆ نموونـە ئـەو مامۆسـتایانەی تایبەتمەنـدی دیکتاتۆرییـان هەیـە، ئەگـەری زۆرە لـە کاتـی پێشکەشـکردنی وانەکانـدا نمایشـیان بکـەن، کـە دواتـر رەنگـە کاردانـەوەی نەرێنـی لـە نێـوان پـەروەردەکاران و فێرخوازانـدا درووسـت بـکات. بەپێچەوانەشـەوە مامۆسـتای هاوسـەنگ و بـێ دڵەڕاوکـێ ئەتوانـێ فێربوونێکـی چـالاک درووسـت بـکات. هـەر بۆیـە کەسـایەتی مامۆسـتا کاریگەریـی راسـتەوخۆی لەسـەر ژینگـەی فێربـوون و وانەوتنـەوە لـە پۆلەکانـدا هەیـە. کەواتـە گرنگـە بـۆ مامۆسـتایان، کـە جـۆری کەسـایەتی خۆیـان و جـۆری کەسـایەتی ئەوانـی دیکـە بناسـن، بـۆ ئـەوەی یارمەتیـدەر بـن لـە دامەزراندنـی پەیوەندییەکـی ئەرێنیـی لـە نێـوان خۆیـان و فیرخوازاندا((لـە زۆربـەی ئـەو توێژینەوانـەی لەگـەڵ فێرخوازانـدا ئەنجامـدراون لەسـەر ئـەوەی، کـە چ شـتێک ئەبێـت بـە هـۆی ئـەوەی مامۆسـتایەک بـاش بێـت؟ دەرکەوتـووە مامۆسـتای بـاش ئـەو مامۆسـتایانەن، کـە لـە رووی دەروونییـەوە تەندرووسـتن و پـەروەردەکارن، فێرخـوازان ئەتوانـن زۆرتریـن نمـرە بەدەسـتبهێنن لـەو بابەتانـەی، کـە فێریـان ئەکـەن))(Shikalepo,۱٥٦,۲۰۱۹).

لـە روانگـەی فێرخوازانـەوە کەسـایەتی مامۆسـتایەکی بـاش ئەتوانـێ بـە ئـەدای فێرخـوازان لـەو بابەتـەدا دەربکەوێـت، کـە مامۆسـتا پێشکەشـی ئـەکات. کەسـایەتی مامۆسـتایەکی بـاش ئـەدای باشـی فێرخـواز بەدەسـت ئەهێنێـت، لـە کاتێکـدا تایبەتمەندییـە کەسـییەکانی وەک(شـەڕانگێزی و دوژمنایەتی)ناتوانـن مامۆسـتایەکی بـاش درووسـت بکـەن، چونکـە ئـەم جـۆرە کارەکتەرانـە داهێنـان و خولیاکانـی فێرخـوازان سـەرکوت ئەکـەن و وا لـە فێرخـوازان ئەکـەن، کـە هیـچ ئارەزوویەکیـان بـۆ فێربـوون نەبێـت. بێگومـان بەڵگـەی زۆر هەیـە پشـتگیری لـەو بۆچوونـە ئەکـەن، کـە کەسـایەتی مامۆسـتا چالاککەرێکـی زۆر گرنگـە بـۆ سـەرکەوتنی پرۆسـەی فێربـوون(Reichel,۱۲,۲۰۰۷)، کەواتـە پـەروەردەکاری بـاش رەفتـاری کەسـی هاوسـەنگ و بـێ دڵەڕاوکـێ نیشـان ئـەدات، بـۆ ئـەوەی ژینگەیەکـی فێـرکاری گونجـاو درووسـت بـکات، کـە تێیـدا فێرخـوازان بـۆ بەشـداریکردن لەگـەڵ ناوەڕۆکـی بابەتەکـەدا ئاسـوودە بـن، ئەمـەش بـەو واتایـە دێـت، کـە بڕوانامـە و ئەزموونـی پیشـەیی بەتەنیـا ناتوانێـت فێربوونـی گونجـاو بهێنێتـە ئـاراوە.

## (۳-٥/۱)تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان (Social Characteristics)

یەکێکـی تـر لـە تایبەتمەندییەکانـی وانەوتنـەوەی سـەرکەوتوو بریتییـە لـە تایبەتمەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان، کـە رۆڵێکـی بەرچـاو ئەگێـڕن لـە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا و کاریگەرییـان لەسـەر چۆنێتیـی فێربـوون و کارلێککردنـی خوێنـدکاران لەگـەڵ هاوتەمەنەکانیـان و پەروەردەکارانـدا هەیـە، هەربۆیـە لەسـەر پـەروەردەکار پێویسـتە گرنگییەکـی زۆر بـە لایەنـی کۆمەڵایەتـی فێرخوازەکانـی بـدات لەپێنـاو سـەرکەوتنی پرۆسـەی فێرکـردن. ئاشکرایە درووسـتکردنی پەیوەندییەکـی کاریگـەر لـە نێوان مامۆسـتا و خوێنـدکاردا بنەمـای سـەرەکیی وانەوتنەوەیەکـی سـەرکەوتوو پێکئەهێنێـت، لـە هەمـان کاتـدا بـە وردی گوێگرتـن لـە پرسـیار و نیگەرانـی و بیرۆکەکانـی خوێنـدکاران ژینگەیـەک درووسـت ئـەکات، کـە دەنگـی ئـەوان ببیسـترێت و بەهایـان بـۆ دابنرێت(مامۆسـتای بـاش پەیوەندییەکـی بـاش لەگـەڵ فێرخوازەکانیـدا دائەمەزرێنێـت و لـە رووی کۆمەڵایەتییەوە خـۆی بـە بەرپرسـیار ئەزانێـت و بـە یەکسـانی مامەڵـە لەگـەڵ فێرخـوازان ئـەکات، لـە هەمـان کاتـدا گـوێ لـە کێشـەکانی فێرخـوازان ئەگرێـت و گرنگییـان پێئـەدات و هـەر فێرخوازێـک وەک تاکێـک ئەناسـێت)(Reichel,۱۳,۲۰۰۷)، لەبـەر ئـەوە

لەسەر مامۆستا پێویستە وەک دایک و باوک مامەڵە لەگەڵ فێرخوازاندا بکات، چونکە ئەمە ئەبێت بە هۆی ئەوەی فێرخواز هەست بە پێشوازی و پێویستی و پاڵنەر بۆ فێربوون بکات.

پەروەردەکارە باشەکان پەیوەندییە ئەرێنییەکان لەگەڵ فێرخوازەکانیان پەرەپێئەدەن بە بەشداریکردنیان لە گفتوگۆکاندا، کە دواتر ئەوە یارمەتیدەر ئەبێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی لە نێوان مامۆستا و خوێندکاردا درووستبووە(Shikalepo,١٥٧,٢٠١٩)، تەنانەت درووستکردنی پەیوەندییەکی ئەرێنیی لە نێوان مامۆستا و هاوپیشەکانیشدا گرنگییەکی زۆری لە پرۆسەی فێرکردندا هەیە، چونکە ئەبێت بە هۆی پشتگیریکردنی یەکتر و دانان بە بەهای ئەوانی دیکە لە دەوروبەردا، هەروەکو چۆن((لە تیۆری(پلەبەندی پێداویستییەکان)ی(ئەبراهام ماسلۆ)و تیۆری(بوونی پەیوەندی گەشەکردن)ی (کلایدۆن ئەلدەرفەر)ئاماژەی پێکراوە، بە شێوەیەک هەردوو تیۆرییەکە زۆر جەخت لەسەر پێویستی تاکێک ئەکەنەوە، کە سەر بە کەسانی دیکەن و پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەیە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا. بێگومان ئەم پەیوەندییە ئەرێنیانە خاڵێکی جەوهەرین بۆ دامەزراندنی هاوڕێیەتی نێوان مامۆستایان، کە دواجار ئەمە سوودبەخشە بۆ هەردوو لایەنی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی))(Bennell,٢٣٤,٢٠٠٤)، کەواتە ئەتوانین بڵێین لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە خاڵێکی بنەڕەتی لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا ئەژمار ئەکرێت بۆ درووستکردنی ژینگەیەکی فێرکاریی گشتگیر و سەرنجڕاکێش و کاریگەر، کە تێیدا هەموو خوێندکارێک دەرفەتی سەرکەوتنی یەکسانی هەبێت.

## بەشی دووەم/رۆڵ و گرنگیی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا

### (١/٢)پۆلێنکردنی فۆنیمەکانی زمان

لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی بواری دەنگسازیی فۆنیمەکانی زمان دابەشئەکەن بەسەر دوو جۆردا، کە ئەوانیش بریتین لە:( فۆنیمە کەرتییەکان، فۆنیمە ناکەرتییەکان)(Segmental&suprasegmental)، سێگمێنتەڵەکان (بزوێن و نەبزوێن) ئەگرنەوە ، واتە فۆنیمە کەرتییەکان بەو فۆنیمە بنەڕەتیانەی زمان ئەوترێت، کە ئەتوانرێ لەیەکتر جیابکرێنەوە، واتە ئەتوانرێ فۆنیم فۆنیم لە یەکتر جیابکرێنەوە و کاریان لەسەر بکرێت. هەموو فۆنیمێک بێواتایە، بەڵام بە گۆڕین و لابردنی واتای وشەکە ئەگۆڕێت. کەواتە فۆنیمە کەرتییەکان(هەموو ئەو کۆنسنانت و ڤاوڵانە ئەگرێتەوە، کە بەشێوەی هێڵی بە دواییەکدا دێن لە کردەی ئاخاوتندا)(علی، ٢٠٠٥، ١٨٧)، کە ژمارەیان بە پێی زمانە جیاوازەکان ئەگۆڕێت ، لە راستیدا هەمیشە لە نێوان زمانەوانانەدا مشتومڕێکی زۆر هەبووە لەسەر گرنگیی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ئاستی فۆنۆلۆژیی، کە هەردوو فۆنیمی(کەرتی و ناکەرتی) ئەگرێتەوە ، بەڵام خۆشبەختانە لە ئێستادا کۆ دەنگییەکی گشتیی هەیە، کە هەردوو بەشی(کەرتی و ناکەرتی) گرنگیی و تایبەتمەندی خۆیانیان لە کردەی ئاخاوتندا هەیە، هەر بۆیە پێویستە رۆڵیان لەبەرچاو بگیرێت. بێگومان فۆنیمە کەرتییەکان بابەتێکی فراوان و سەربەخۆیە، بەڵام بابەتی ئەم توێژینەوەیەی ئێمە نییە.

### (٢/٢)فۆنیمە ناکەرتییەکان(فۆنیمە سەروسەگمێنتەکان)(supra segmental phonemes )

بریتین لەو فۆنیمانەی، کە بە فۆنیمی بنەڕەتیی لە درووستکردنی وشەدا دانانرێن، واتە ناتوانرێت کەرتبکرێن و لەیەکتر جیابکرێنەوە، بەڵکو بەسەر دەربڕاوەکان(Utterance)دابەش ئەبن و لەگەڵ فۆنیمە کەرتییەکان بەکارئەهێنرێن. کەواتە ئەتوانین بڵێین فۆنیمە ناکەرتییەکان((بە هەموو ئەو دیاردە و سیفەتە بەهادارانە ئەوترێت، کە نرخەکەی لە

ئاخاوتنـدا دەرئەکەوێـت، بـە واتـای ئـەوەی فۆنیمـە ناکەرتییـەکان بـە پێچەوانـەی فۆنیمـە کەرتییـەکان نابـن بـە بەشـێک لـە بنیاتـی وشـە، بەڵکـو ڕۆڵیـان لەکاتـی ئاخاوتنـدا دەرئەکەوێت))(واحـد، ٢٠١٣، ٣٥)، (فێـرث) یەکێـک بـووە لـەو زمانەوانانـەی، کـە پێداگرییەکـی زۆری لەسـەر گرنگیـی فۆنیمـە ناکەرتییـەکان کردووەتـەوە و پێیوابـووە بەشـێکی هـەرە گرنگیـی کـردەی ئاخاوتـن پێـک ئەهێنـن.

## (٣/٢)ڕۆڵی فۆنیمە ناکەرتییەکان پەیوەست بە پرۆسەی وانەوتنەوە

لـە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا لەگـەڵ ئـەوەی پێویسـتە مامۆسـتا شـارەزاییەکیی تەواویـی لـە ڕێگـە و شـێوازە جیاوازەکانـی پیداگۆجیـی و وانەوتنـەوەدا هەبێـت، هـەروەک لـە بەشـی یەکەمـدا ئاماژەمـان پێکـردووە، بـەڵام لـە هەمـان کاتیشـدا پێویسـتە گرنگیـی بـە لایەنیـی دەنگسـازیی بـدات، چونکـە ئـەم ئاسـتەی زمـان لـە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا ڕۆڵێکـی یەکجـار بـاڵا ئەگێڕێـت لـە گەیاندنـی واتـای دەربڕینـەکان بـە شـێوەیەکی ڕاسـت و درووسـت، بـەو پێیـەی پرۆسـەی وانەوتنـەوە لـە ڕێگـەی کـردەی ئاخاوتنـەوە جێبەجـێ ئەکرێـت، هەربۆیـە فۆنیمـە ناکەرتییـەکان بەشـێک ئەبـن لـەو پرۆسـەیە، واتـە ئـەم فۆنیمانـە گرنگییـان لـە کـردەی ئاخاوتنـدا دەرئەکەوێـت، هەربۆیـە ڕۆڵیـان لـە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا نابێـت نادیـدە بگیرێـت. دەنگـی مامۆسـتا بریتییـە لـە میدیـای سـەرەتایی، کـە لـە ڕێگەیـەوە . زانیاریـی لـە پۆڵـدا ئەگوازرێتـەوە، واتـە روونیـی لـە قسـەکردن و بێژەکردنـی درووسـت زۆر گرنگـە بـۆ ئـەوەی خوێنـدکاران لەبابەتەکـە تێبگـەن، دەنگێکـی بـاش ئەتوانێـت زۆر بـە ئاسـانیی سـەرنجی خوێنـدکاران ڕابگرێـت و بیپارێزێـت و لـە هەمـان کاتـدا دڵنییـا بێـت لـەوەی، کـە پەیامەکـە بـە شـێوەیەکی کاریگـەر گەیشـتووە. لەبـەر ئـەوە پـەروەردەکاران ئەتوانـن بـۆ باشـترکردنی توانـای پەیوەندییکـردن و لەیەکـتر گەیشـتن گرنگییەکـی زیاتـر بـە لایەنـی دەنگسـازیی بـدەن و لەنـاو دەنگسازییشـدا فۆنیمـە ناکەرتییـەکان، کـە ئەتوانرێـت سـوودێکی زۆری لـێ ببینرێـت. لـە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا لایەنـی دەنـگ و هەمـوو ئـەو دیاردانـەی پەیوەندییـان بـە دەنگـەوە هەیـە کار ئەکەنـە سـەر بـڕی چۆنێتیـی و چەندێتیـی گەیشـتنی ئـەو پەیامـەی، کـە مامۆسـتا ئەیەوێـت بـە خوێنـدکاری بگەیەنێـت. واتـە بەکارهێنانـی دەنـگ بـە شـێوەیەکی درووسـت ئەتوانێ ڕۆڵێکـی گرنـگ لـە پرۆسـەی (فێرکـردن و فێربـوون)دا ببینێـت ، بـەو پێیـەی یارمەتیـدەرە بـۆ گەیاندنـی پەیـام و بیرۆکـەکان بـە باشـیی. ئاشکرایە((درووسـتکردنی دەنـگ و بەرهەمهێنانـی زمـان کردارێکـی زۆر ئاڵـۆزە و پەیوەسـتە بـە مێشـک و کۆئەندامـی ئاخاوتنـەوە ڕادەی سـەلامەتی و تەندروسـتی مێشـک و کۆئەندامـی ئاخاوتنیـش ڕاسـتەوخۆ کارئەکاتـە سـەر چۆنێتیـی ئـەو دەنگـەی بەرهەمئەهێنرێـت، بێگومـان ئەمـەش کارئەکاتـە سـەر چۆنێتیـی گەیشـتنی پەیـام بـە شـێوەیەکی درووسـت))(Richert,١٨٩,١٩٩٢).

فۆنیمـە ناکەرتییـەکان لـە زمانـدا فۆڕمێکییـان بـۆ دانەنـراوە، بـەڵام لـە کـردەی ئاخاوتنـدا هەسـتییان پێئەکرێـت، ئەمـەش بـە یەکێـک لـەو هۆکارانـە دائەنرێـت، کـە وا ئـەکات مـرۆڤ نەتوانێـت بـە ئاسـانی فێـری زمانـی دووەم ببێـت و لـە هەمـان کاتـدا نەتوانێـت پـەی بـەو گۆڕانـە واتاییانـەی لـە ئەنجامـی فۆنیمـە ناکەرتییەکانـی زمانـەوە دێنـە ئـاراوە بـکات. ئاشکراشـە ئـەم فۆنیمانـە ڕۆڵیـان لـە دوای فۆنیمـە کەرتییەکانـەوە دێـت، بـەو پێیـەی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانیـان لەسـەر وشـە و بڕگـە و ڕستەکان دەر ئەکەوێـت، نـەک بـە تەنهـا تاکـە دەنگێـک. هەرچەنـدە تاکـە دەنگێـک بـە تەنهـا هەڵگـری جۆرێـک لـە ئـاوازە و لـەرە و هێـزە، بـەڵام لـە نـاو درووسـتە و بڕگـەی ڤاوڵـی وشـەکاندا زیاتـر ڕۆڵـی فۆنیمـە ناکەرتییـەکان دەرئەکەوێـت، هـەر لەبـەر ئەمەشـە بـەم جـۆرە فۆنیمانـە ئەوترێت((نیشـانەی سـەروو سـەگمێنتەکان- suprasegmental feature)، مەبەسـتیش لـە سـەروو سـەگمێنتەکان ئـەو نیشـانانەیە، کـە بـە سـەر سـەگمێنتەکاندا (بڕگـە، وشـە، ڕسـتە)دابەش ئەبـن و دەوری نیشـانەی سـەروو سـەگمێنتەکان ئـەدەن، بەمـەش بەهـای نیشـانەی سـەروو سـەگمێنتەکان تەنهـا لـە ڕێگـەی پەیوەندییانـەوە بەدەقـە

دەنگییەکەی دەوروبەرییانەوە دیاری ئەکرێت))(مەحوی، ٢٠٠٨، ٢٦٦). لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا فۆنیمە ناکەرتییەکان، کە بریتین لە(هێز، ئاوازە، وەستان)رۆڵێکی گرنگ ئەگێڕن لە گەیشتنی پەیامی مامۆستا و راکێشانی سەرنجی خوێندکار بۆ ناو کەشی وانەکە، واتە(هێز و ئاوازە و وەستان)وەک کەرەستەیەکی ناکەرتی لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا رۆڵیان هەیە بەو پێیەی هۆکارێکن بۆ هەڵگری واتای کاریگەر و گەیاندنیی واتای جیاواز بەم شێوەیە:

### ١-٣/١)هێز (Stress)

زیادە وزەیەکیی دەنگییە لە پڕ لەسەر یەکێک لە بڕگەکانیی وشە سەرهەڵئەدات، واتە هێز سەر بەئاستی فۆنۆلۆژییە و دەوری لەم ئاستە دەرناچێت، بێگومان هەر زمانێک دەستەیەک یاسای فۆنۆلۆژیی تایبەت بە خۆی هەیە، کە بەهۆیانەوە شوێنی هێز دیاری ئەکرێت. (عمر، ١٩٩٤، ١٣)، یاخود ئەتوانین بڵێین هێز بریتییە لەو شێوازەی، کە وشەیەک یان بڕگەیەک لە کاتی ئاخاوتندا بە دەنگی بەرزتر جەختی لەسەر ئەکرێتەوە و ئەتوانێت تەواوی مانای وشەیەک، یاخود دەستەواژەیەک بگۆڕێت و تەنانەت زۆرجار یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی هەستەکانیش. لە کردەی ئاخاوتندا کاتێک ئاخێوەر قسە ئەکات بە سروشتی خۆی یەکێک لە بڕگەکانی هەر وشەیەک بەرزتر لە بڕگەکانی تر دەرئەبڕێت ئەم بەرزیە لە دەربڕینی بڕگەدا پێی ئەوترێت هێز. ئاشکراشە لە((زماندا هێز هیچ وێنەیەکی تایبەتی بۆ دانەنراوە، بەڵام خاوەنیی زمان بە ئاسانی و بێ تەنگوچەڵەمە بەکاریئەهێنێت لەو شوێنەشدا بەکاریئەهێنێت، کە پێویستە بەکاربهێنرێت بە بێ هەڵە کردن، ئەم دیاردەیەش ئەوە ئەگەیەنێت، کە مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە فێری چۆنیەتیی بەکارهێنانی هێز ئەبێت و ئەبێتە بەشێک لەو دەستورانەی، کە مرۆڤ فێریان ئەبێت و لە دواییدا بەکاریان ئەهێنێت، وەک دەستورەکانیی لێکدانی دەنگ و واتا و بەستنەوەی ستراکچەری سەرەوە و ستراکچەری ژێرەوە))(وەیس، ١٩٨٤، ٨٢-٨٤).

هێز گوزارشت لە رادەی ئەو قورساییە ئەکات، کە لەسەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی وشە بەرجەستە ئەکرێت، یاخود ئەخرێتە سەر بڕگەیەک لە ناو بڕگەکانی یەکەیەکی زمانیدا(وشە، فرێز، رستە)، هێز بە پێچەوانەی بڕگەیی و نابڕگەییەکانەوە زنجیرەیی لە تەنیشت یەک نانوسرێن، بەڵکو سەروسەگمێنتی ئەنوێنرێن(غەریب، ٢٠١٩، ٦)، ئاشکراشە هێز لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ئەگۆڕێت، ئەو جیاوازییە باوەی لە نێوان بڕگەی هێزدار و بێهێزدا هەیە، ئەوەیە بڕگەی هێزدار ماوەی دەربڕینی لە بێهێزەکە زیاترە، لە کاتی گۆکردنی بڕگەی( بێهێز - (unstressed لە رووی ئۆرگانییەوە گرژییەک بەدیئەکرێت(انیس، ١٩٧٥، ١٧٠)لە رووی پلە و قورساییەوە چوارجۆر هێز دیاریکراوە:(مەحوی، ٢٠١٠، ٢٢٥)

١- هێزی سەرەکیی Primary stress

٢- هێزی لاوەکیی Secondary stress

٣- هێزی لاواز Weak tertiary stress

٤- بێهێز Unstressed

ئەو جیاوازیی و تایبەتمەندییە باوەی لە نێوان هێزی سەرەکی و لاوەکی و لاوازدا هەیە، ئەوەیە هێزی سەرەکیی ماوەی دەربڕینی لە هێزی لاوەکیی و لاوازەکە زیاترە ، یاخود بە تەوژمێکیی(بەرز، درێژ، روونتر)لە هێزی دووەم و

سێیەم بەرجەستە ئەکرێت، بە گشتیی لە زماندا دوو چەشن هێز دیاریکراوە:

١-هێزی ئاسایی

٢- هێزی جەختکردنەوە

١- هێزی ئاسایی:هێزی ئاسایی لە وشەی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژییدا بەرجەستە ئەکرێت، مەبەستیش لە وشەی فەرهەنگیی تەنها(ئایتمە تاکو تەنهاکانە – Isolated items)بە بێ هیچ پێشگر و پاشگرێک لە زماندا بەکارئەهێنرێت، توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە برگەییەکان بە فۆنیم ئەژمار کراون و لە برگەکانی ناوەوە و کۆتایی وشەی فەرهەنگییدا جیاواز دەرئەکەون ، لە هەمان کاتدا کورتیی و خاویی برگەییەکان کار ئەکەنە سەر رادەی کردنەوەی دەم لە هەر برگەیەکدا و کاتی خایاندنی ماوەی دەربڕینیان جیاواز ئەبێت(بشر، ٢٠٠٠، ٥١٢-٥١٥)، بێگومان جێکەوتەی هێز لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ئەگۆڕێت، بەو پێیەی هەموو زمانێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە و جیاوازە لە زمانێکی تر، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا هێز سەرەتاییە، لە زمانی عەرەبیشدا شوێنی چەسپاوی نییە، بەڵام لە هەندێک زمانانی تر وەک(فارسی)زیاتر هێز(کۆتایین)، لە زمانی کوردیشدا پێشبینی ئەکرێت پۆلە رەگەزە فەرهەنگییەکانیی(ناو، ئاوەڵناو، ناوی کرداریی/چاوگ، ژمارە، . . . . . . . . . . هتد) بە زۆری هەڵگری هێز بن و هێزی سەرەکی لە سەر برگەی کۆتایی بێت(غەریب، ٢٠١٩، ٧).

٢-هێزی جەختکردنەوە:بە مەبەستی جەختکردنەوە هێزی سەرەکی لە سەر وشەیەک لە وشەکانی رستەیەک دائەنرێت ، پێکهاتەی فرێز و رستە تەرزی جۆراو جۆریان هەیە و جێکەوتەی تەواو چەسپاویان نییە و تەواو ئازادن(غەریب، ٢٠١٩، ٧)، بۆ نموونە هەندێکجار قسەکەر بە مەبەستی جیاکردنەوەی وشەیەک لە ناو وشەکانی رستە بە مەبەست هێزی سەر وشەیەک زیاد ئەکات، بۆ نموونە:

**سبەینێ ئەچم بۆ رانییە.**

دانانی هێزی جەختکردنەوە لە سەر هەر وشەیەک لە وشەکانی ئەم رستەیەدا واتا و مەبەستی جیاواز بەدەستەوە ئەدات، وەک (هەواڵگەیاندن، سەرسوڕمان، . . . . . . . . . . هتد)، یاخود هەندێکجار بۆ لەیەکجیاکردنەوەی واتایەک لەگەڵ واتایەکی تردا هێز دائەنرێت ، ئەمیش زیاتر لەو وشانەدا روو ئەدات ، کە واتاکانیان نەزاندراون، یاخود بە شاراوەیی تیایاندا هەڵگیراون.

دیارە هێز وەک کەرەستەیەکی ناکەرتی رۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا هەیە بەو پێیەی ئەتوانێ مانای وشەیەک بگۆڕێت، یاخود ئاماژە بە گرنگیی بەشێکی دیاریکراوی رستەیەک بکات، کە ئەمەش ئەشێت ئاماژە بێت بۆ (مەبەست ، هەڵوێست، جەختکردنەوە، هەواڵ، . . . . . هتد)هەر بۆیە پێویستە مامۆستا زۆر بەهۆشیارییەوە شوێنی (هێز)ەکان لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا بەکاربهێنێت و ئامانجەکانی وانەکەی بە روونیی بە فێرخوازانی بگەیەنێت. بۆ نموونە لە وشەی (پاشان)، کە دوو واتای هەیە:

پاشان ⟵ ئەگەر هێز لەسەر برگەی یەکەم بێت بە واتای (لەدواییدا) دێت.

پاشان ⟵ ئەگەر هێز لەسەر برگەی دووەم بێت بە واتای (ئەوان پاشان) دێت.

## بە گشتیی لە زمانی کوردیدا دوو جۆر هێزمان هەیە ئەوانیش بریتین لە:

١ -هێز لە وشەدا:هێز لە وشەدا هێزێکە ئەکەوێتە سەر یەکێک لە برگەکانی وشەیەک، گۆڕینی هێزیش لە سەر برگەکان گۆڕان بەسەر واتای وشەکاندا ئەهێنێت. ئاشکرایە هەموو وشەیەک هێزی خۆی هەیە و بە گۆڕینی ئەو

هێزە لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەکی تر ئەبێت بە هۆی گۆڕینی واتای ئەو وشەیە یاخود ناپەسەندبوونی درکاندنی وشەکە، بێگومان هێز لە وشەدا بەکار ئەهێنرێت بۆ گۆڕینی واتا، یاخود دەرخستنی واتای نوێی وشەکە، کە ئەمەش بەشێکە لە رۆڵی هێز لە وشەکاندا ، ئەمەش وا ئەکات وشەکان لە رووی پێکهاتەوە وەک وشەی(سادە، دارێژراو، لێکدراو)گۆڕانکارییەکانی هێز تێیاندا بە رادەیەکیی بەرچاو دەربکەوێت ، هاوکات ئەرکێکی تری هێز لە زماندا بریتییە لە ئاماژەدان بە دیاریکردنی پۆلە رەگەزەکانی وشەکە، واته((لە زمانی ئینگلیزیدا هێز لە ناودا ئەچێتە سەر بڕگەی یەکەم ، لە کردارەکانیشدا ئەچێتە سەر بڕگەی کۆتایی، کەواتە جێگیرکردنی هێزەکە ئاماژەیە بۆ جیاکردنەوەی پۆلە رەگەزی وشەکان))( Ladefoged,٢٠١١,١١٢)، بەڵام لە زمانی کوردیدا هێز لە وشە سادەکاندا لە کۆتایی بڕگەدا دەرئەکەوێت، ئەمەش زۆرجار بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، کە درکاندنی وشە بە تەنها وا دەری ئەخات، کە هێز لە سەر بڕگەکانی کۆتایی بێت، جگە لەمەش درکاندنی یەک وشە لە چەند حاڵەتێکی کەمدا نەبێت بەکارناهێنرێت، چونکە ئاخێوەر وشە بە تەنها دەرنابڕێت لەم هەڵوێستانەدا نەبێت وەک وشە پرسەکان(کێ؟، چۆن؟، بۆچی؟، چی؟، . . . . . . . هتد)، یاخود دەستەواژەکانی وەک(رەنگە، لەوانەیە، بەیارمەتیت، فەرموو، بەڵێ، باشە، نەخێر، . . . . هتد) (کانەبی، ١٩٩٨، ٧٩)، یاخود لە دیاردەی مۆرفۆسینتاکسدا روو ئەدات ، کە لەجیاتی ئەوەی بڵێین(من ئەوانم بینی) ئەڵێین(بینیمن)، جگە لەم حاڵەتانە زۆربەی درکاندنەکان لە چوارچێوەی فرێز و رستەدان.

لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا لە سەر مامۆستا پێویستە گرنگییەکی زۆر بەم لایەنەی زمان بدات لە پێناو ئەو مەبەستەی، کە ئەیەوێ بە فێرخوازەکانی بگەیەنێت بۆ نموونە لە وشەی:

برایەتی ⟵ ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی یەکەم بێت ئەوە بە واتای(برای ئەو)دێت.

کەرە ⟵ ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی یەکەم بێت ئەوە بە واتای(بێ ئەقڵ)دێت.

خۆ ئەگەر لەسەر کۆتا بڕگە بێت ئەوە واتای ناوی واتایی(برایەتی ، خواردنی کەرە(زبدە))ئەگەیەنێت، ئەمەش گرنگیی هێزمان بۆ دەرئەخات، کە بە هۆیەوە ئاخێوەر ئەتوانێ زیاتر جەخت لەو مۆرفیمە یاخود وشەیەی ئەیەوێ بکات، یان لە نموونەی (وانییە)

وانییە ⟵ ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی یەکەم بوو واتای(ئەو شتە راست نییە) ئەگەیەنێت.

وانییە ⟵ ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی دووەم بوو واتای (ئێوەش بۆچوونتان هەمان شت نییە) ئەگەیەنێت.

یان لە نموونەیەکی تردا وشەی(سەرگەورە):

سەرگەورە ⟵ ئەگەر هێزەکە لەسەر کۆتا بڕگەی وشەی دووەم بێت واتای(سەرێکی گەورە)ئەگەیەنێت.

سەرگەورە ⟵ ئەگەر هێزەکە لەسەر بڕگەیەک لە وشەی یەکەم بێت واتای(سەرۆک عەشیرەت، سەرۆک وڵات، . . . هتد) ئەگەیەنێت.

٢- هێز لە رستەدا:ئەو هێزەیە، کە لە ناو رستەدا ئەخرێتە سەر وشەیەک بە مەبەستی گرنگیپێدان و تیشکخستنەسەری، ئەکرێت ئەو وشەیە لە سەرەتا یان ناوەراست یاخود کۆتایی رستەکەدا بێت. ئەم جۆرەیان رێگەیەکی زۆر باشە بۆ گەیاندنی واتای پشت ئاخاوتنەکان بە مەبەستی گرنگیپێدان و تیشکخستنەسەر وشەیەک جا ئەم وشەیە لە سەرەتا یاخود ناوەراست یان کۆتاییدا بێت. بێگومان هێز لە زماندا چەندین ئەرکی جیاوازی هەیە، کە ئەتوانرێ لە رستەکاندا بەکاربهێنرێت وەک ئەرکی(پرسیاری، سەرسوڕمان، وروژاندن، بێباوەڕی، توڕەیی، جەختکردنەوە . . . . . هتد)، ئاشکراشە هێزی سەر وشەکان ئامانجدارە و کاریگەریی درووست ئەکات و ئەبێت بە هۆی جیاکردنەوەی

واتای وشەکان، بەواتایەکی تر هێزی رستە رۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر رەواندنەوەی لێڵی هەیە، دیارە(لێڵ)یش یەکێکە لەو بابەتانەی، کە لە زانستی(واتاسازی) یدا لێکۆڵینەوەی تێدا ئەکرێت.

لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا هێزی رستە پشتی پێدەبەسترێت، بەشێوەیەک کاتێک مامۆستا بیەوێت جەخت لە سەر وشەیەک بکاتەوە هێز دەخاتە سەر ئەو وشەیە لە ناو رستەکەدا، لەبەر ئەوەی واتای رستەکان لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا زیاتر واتای راستەوخۆن، هەر بۆیەشە هێزی سەر رستەکان بە پێیی ئەو وشەیەی، کە مامۆستا ئەیەوێ جەختی لەسەر بکاتەوە ئەگۆڕێت، ئەمەش ئەوە روون ئەکاتەوە، کە پێویستە مامۆستا لە کاتی دەربڕینی رستەکاندا لەو شوێنەی، کە مەبەستییەتی هێز بخاتە سەر ئەو وشەیە بۆ ئەوەی ئەو واتایەی مەبەستییەتی بەخوێندکاری بگەیەنێت. بۆ نموونە لە ڕستەی:

## من لە ریزدا وەستا بووم و ئەویش لەبەردەمم بوو، ئەتوانیت باوەڕ بەم شتە بکەیت؟

ئەگەر بە گشتیی لەم رستەیەی سەرەوە ورد ببینەوە ئەوە ئەخوێنینەوە، کە ئاخێوەر فۆکەسێکی زیاتری لە سەر ئەم رستەیەی کۆتاییە(باوەڕ بەم شتە ئەکەیت؟)، چونکە ئاخێوەر لێرەدا زیاتر مەبەستییەتی ئەوە بگەیەنێت، کە ئەم جەختکردنەوەیە بە مانای دەربڕینی(هەست)ە نەک پرسیارێک لە شێوەی رستەدا. ئاشکراشە هێز لە وشەکانی ناو رستەدا ئەچنە سەر برگەکان و لەسەر برگەکانی وشەکەش ئاڵوگۆڕیان پێئەکرێت بەپێی ئەو واتا و مەبەستەی، کە ئاخێوەر ئەیەوێ بیگەیەنێت. بۆ نموونە لە رستەی:

شەیدا کراسێکی سوری جوانی بە نرخێکی هەرزان کڕی.

١　　٢　　٣　　٤　　٥

کاتێک لەم رستەیەی سەرەوە ورد ئەبینەوە ئەتوانین بە پێیی هێزی سەر وشەکان چەندین واتا و مەبەستی جیاواز هەڵبهێنجین وەک:

ئەگەر هێز لەسەر ژمارە(١)بێت مەبەستیی لە شەیدایە و ئەیەوێ دیارییکات، کە ئەو کارەکەی کردووە.

ئەگەر هێز لەسەر ژمارە(٢)بێت مەبەستیی رەنگی کراسەکەیە.

ئەگەر هێز لەسەر ژمارە(٣)بێت مەبەستیەتیی جوانی کراسەکە دەربخات.

ئەگەر هێز لەسەر ژمارە(٤)بێت مەبەستیی نرخی کراسەکەیە.

ئەگەر هێز لەسەر ژمارە(٥)بێت مەبەستیی گەیاندنیی هەواڵی کڕینی کراسەکەیە.

## ٢-٣/١) ئاوازە (Intonation)

ئاوازە یەکێکە لەو کەرەستە ناکەرتییانەی، کە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا رۆڵێکی گرنگیی هەیە و بریتییە لەو هێزەی ئەکەوێتە سەر وشەیەک لە رستەکەدا، ئاسایی ئەکەوێتە سەر دوا وشەی رستەکە یان ئەو وشەیەی، کە گرنگیی پێئەدرێت بەبێ دەستکاریکردنیی وشە و برگە و فۆنیم و مۆرفیمەکان. یاخود ئاوازە((زاراوەیەکی دەنگییە، کە تایبەتە بە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی پلەی دەنگ لە کاتی قسەکردندا، ئەم بەرزیی و نزمییەیی قسەکردن بە هۆی هەڵبەز و دابەزی دەنگە ژێکانە، لەرە لەری دەنگە ژێکانیش نەغمەیەکیی مۆسیقی درووست ئەکات، بەم مۆسیقایەش ئەوترێت ئاوازە))(السعران، ١٩٦٢، ٢١١). کەواتە ئەتوانین بڵێین ئاوازە گۆڕانکارییەکی هەستپێکراوی پلەی دەنگە، کە قسەکەر لە رێگەی ئاوازەوە هەست و سۆز و مەبەستی خۆی ئەگەیەنێت. بە شێوەیەکی گشتیی(ئاوازە وەک

هاوەڵێک لەگەڵ فۆنیمەکان دەرئەبڕدرێت و گۆڕان بەسەر واتای وشە و رستەکاندا ئەهێنێت، واتە ئاوازە چەترێکە هەموو یەکەکانی فۆنیمە ناکەرتییەکان لەخۆ ئەگرێت لەوانە(هێز، ئاوازە، وەستان)) (مەعروف، ٢٠١٢، ٣).

لە زانستی زماندا بۆ هەر جۆرە(بەرز)و(نزم)ییەک هێمایەکی تایبەتی دانراوە وەک:(ئەمین، ٢٠٠٩، ٢٨٤)

| | |
|---|---|
| (↑)هەڵسانێکی لە پڕ | Sudden rise |
| (↕)کەوتنی لەرسەرخۆ | Gradual fall |
| (↖)هەڵسانێکی لەسەرخۆ | Gradual rise |
| (↓)کەوتنی لە پڕ | Sudden fall |
| ( \| )وەستانێکی زۆر کورت | Brief pause |
| ( \|\| )وەستانێکی تەواو | Pause |

لە زمانی کوردیدا (بەرزیی و نزمیی) ئاوازەکانی رستە بەم شێوەیە دیاریکراون، وەک ئاوازەکانی:

١- کەوت

٢- بەرز – هەڵس

٣- نزم - هەڵس

٤- کەوت - هەڵس

٥- هەڵس – کەوت

لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا ئاوازە رۆڵێکی چارەنوسساز ئەگێرێت، بەو پێیەی ئاماژەیە بۆ بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەیی پلەی دەنگ لە کاتی قسەکردندا، ئەمەش ئەتوانێ واتا بگەیەنێتە دەرەوەی ئەو وشە و رستانەی ئەوترێت. ئاوازە کاریگەرییەکیی بەرچاویی هەیە بۆ تێگەیشتن لەکەسی بەرامبەر، چونکە بۆ دەربڕینی مەبەست بەکاردێت، کە تێیدا ئاخێوەر ئەتوانێ لە رێگەی ئاوازەوە وانیشانبدات، کە داوای(. زانیاریی، پشتگیریی، رێککەوتن، . . . . هتد) ئەکات، کەواتە بە گشتیی ئەتوانین بڵێن ئاوازە پەیوەندی و تێگەیشتن قوڵتر ئەکاتەوە و ئامرازێک بۆ گوێگر دابین ئەکات، کە بە راستی لەوە تێبگات، کە بۆچی ئەمە بۆ قسەکەر گرنگە، کەواتە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا ئاوازە رۆڵ وکاریگەرییەکی بەرچاو ئەبینێت لەسەر رادە و چۆنێتیی گەیشتنی پەیامی مامۆستا، چونکە نەبوونی بەرزیی و نزمیی لە دەنگی مامۆستادا جۆرێک لە بێزاری لای فێرخواز درووست ئەکات، ئەمەش وا ئەکات مامۆستا نەتوانێت ئامانجی وانەکەی بە تەواوی بپێکێت، هەر بۆیەش لە سەر مامۆستا پێویستە لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی یەک جۆر ئاوازە بەکارنەهێنێت، بەڵکو باشتر وایە لە سەرەتا و ناوەراست و کۆتایی وانەکەیدا ئاگاداری ئاوازەی دەنگی بێت بە پێیی جۆری رستەکان، کە ئەمەش ئەبێت بە هۆی راکێشانی سەرنجی خوێندکار و وا ئەکات بەردەوام خوێندکار ئاگادار و چالاک بێت لەوانەکەدا. بە گشتیی لە زمانی کوردیدا ئاوازە ژمارەیەک ئەرکی زمانی گرنگ ئەبینێت لەوانە: (Bukowski,٢٠١٣,٥٣-٥٧).

## ١/ ئەرکی فۆکەسکردن(جەختکردنەوە) Focusing function

تیشکخستنە سەر وشەیەکە لە ناو رستەکەدا، کە ئاخێوەر بە گرنگیی ئەزانێت، بۆ ئەوەی سەرنجی گوێگری پێڕابکێشێت، بە واتایەکی تر(پێکهاتەی ناوەڕۆکی . زانیارییەکانی رستە دیاری ئەکات و ئەو . زانیارییە نوێیانە جیا ئەکاتەوە، کە ئەکرێت پێشوەخت پێشبینی بکرێن، واتە رۆڵی جەختکردن ئەبینێت)(مەعروف، ٢٠١٣، ١٢٢)، ئەمەش

کار ئاسـانیی زۆر ئـەکات بـۆ ئـەوەی چەمـک و بیرۆکـە گرنگـەکان بـە فێرخـوازان بگەیەنرێـت و وایـان لێبـکات . زانیارییـە سـەرەکییەکان تێبگـەن و لەبیریـان نەکـەن. بـۆ نموونـە لـە رسـتەی:

ئارا سەرسام بوو بە ئوتومبێلە نوێیەکەی ⟵ نەک(میر)

ئارا سەرسام بوو بە ئوتومبێلە نوێیەکەی ⟵ رقی لێی نەبووەوە

ئارا سەرسام بوو بە ئوتومبێلە نوێیەکەی ⟵ نەک کەسێکی تر

ئارا سەرسام بوو بە ئوتومبێلە نوێیەکەی ⟵ نەک کۆنەکە

ئارا سەرسام بوو بە ئوتومبێلە نوێیەکەی ⟵ سەرسوڕمان

ئاشکرایە هەریەکە لەم جۆرە رستانە بە پێیی ئاوازەی رستەکە و واتا و مەبەستی ئاخێوەر گۆڕانی بەسەردا دێت.

٢/ ئەرکی هەڵوێست Attitudinal Function

ئـاوازە خـۆی لەخۆیـدا نیشـاندانی هەڵوێسـتی قسـەکەرە، واتـە لـە رێگـەی ئـاوازەی دەنگـەوە مامۆسـتایان ئەتوانـن وا لـە فێرخـوازان بگەیەنـن، کـە ئـەم هەڵوێستە(دۆسـتانەیە، توڕەبوونـە، هاندانـە، ڕەخنەیـە، . . . . . هتـد)، واتـە ئامـاژ بـە بـاری هەسـت و سـۆزیی قسـەکەر ئـەکات . بـۆ نموونـە لـە رستەی:

ئەوە سیمینار بوو.

لـەم رسـتەیەدا ئەگـەر ئـاوازە لـە بـەرزەوە بـەرە و نزمبوونـەوە بـڕوات بـە واتـای ستایشـکردن دێـت، بـەوەی مامۆسـتاکە سـیمینارەکەی زۆر بـە دڵ بـووە، بـەڵام کاتێـک ئـاوازەی رسـتەکە بەیـەک تـۆن دەر بـڕدرا بـە واتـای رەخنـە گرتـن دێـت لـە سـیمینارەکە و مامۆسـتاکە بـە دڵـی نەبـووە.

٣/ ئەرکـی جیاکردنـەوەی جۆرەکانـی رستە:لە جیاکردنـەوەی جۆرەکانـی رسـتەدا رۆڵـی هەیـە، بەواتایەکیـی تـر جـۆری کـردە قسـەییەکان دیـاری ئـەکات و دەری ئەخـات، کـە ئایـا رسـتەکە هەواڵییـە، پرسـیارییە، سەرسـوڕمانە، . . . . . هتـد. ئـاوازە رۆڵێکـی گرنـگ ئەبینێـت لـە روونکردنـەوەی واتـای رسـتەکاندا، بـەو پێیەیـی هەندێـک رسـتە هـەن هەمـان فۆڕمـن، بـەڵام مەبەسـت و ئامانجـی ئاخێـوەر ناروونـە بـە بـێ ئاوازەکـەی، جـا چـی لـە لایەنـی گۆڕانـی واتـای رسـتەکەوە بێـت، یاخـود لایەنـی رێزمانییەکـەی بێـت. بـۆ نموونـە لـە رسـتەی:

پێنووست پێیە.

دیارە ئەم رستەیە بە پێیی ئاوازەکەی چەندین واتا ئەگەیەنێت وەک:

١/ پێنووست پێیە(هەواڵگەیاندن)

واتە مامۆستاکە ئاگاداری ئەوەیە، کە فێرخوازەکە پێنووسی پێیە و وەک هەواڵ و . زانیارییەک خراوەتە روو.

٢/ پێنووست پێیە(فەرمانکردن)

واتـە ئاخێـوەر وەک ئاماژەیـەک دەری ئەبڕێـت و مەبەسـتی لەوەیـە، کە(خـۆ پێنووسـت پێیـە دە بنووسـە)، کـە ئەمـەش فەرمانکردنـە.

٣/ پێنووست پێیە؟(پرسیار و داواکردن)

واتـە لـەم جـۆرەدا ئەشـێت ئـەم واتایانـەی هەبێـت، کە(ئایـا پێنووسـت هێنـاوە؟)، (تکایـە پێنووسـت پێیـە بـۆ ئـەوەی پێمبدەیـت؟) ئەمـەش بـە پێیـی ئـاوازەی رسـتەکە روون ئەبێـت بـەوەی، کـە لـە بەرزبوونـەوە دایـە تـا دواخاڵـی درکاندنەکـە.

## ٤/ پێنووست پێیە!(سەرسوڕمان)

سەرسـوڕمان لـە کاتێکـدا پەیـدا ئەبێـت، کـە فێرخوازەکـە بـەردەوام پێنووسـی پێنەبووبێـت، هـەر بۆیـە ئەبێـت بـە مایـەی سەرسـوڕمان بـۆ ئاخێوەرەکـە، (کـە تـۆ بـە راسـتی پێنووسـت پێیـە)، یاخود(شـۆک بـووم پێنووسـت پێیـە. ).

لێـرەوە ئەوەمـان بـۆ روون ئەبێتـەوە، کـە ئـاوازە رۆڵێکـی بەرچـاوی هەیـە لـە روونکردنـەوەی لێڵـی رسـتە و مەبەسـتی نەزانـراوی ئاخێـوەران، هـەر بۆیـە نەبـوون یاخـود گوێنـەدان بـە ئـاوازە لـە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا وا ئـەکات رسـتەکان چەندیـن واتـا و مەبەسـت بخەنـە بـەردەم فێرخـوازان، کـە ماناکانیـان روون نەبێـت، ئەمـەش دواجـار جۆرێـک لـە بێـزاری لـە لای فێرخـوازان درووسـت ئـەکات.

## ٣-٣/١) وەستان (Pause)

وەسـتان هەڵوێسـتەیەکیی دەنگییـە، کـە لـە کاتـی ئاخاوتنـدا دەنـگ بـەرە و نزمبوونـەوە و لاوازبـوون یـان بێدەنگبـوون ئەچێـت، ئەشـێت ئـەو وەسـتانە لـە نێـوان دوو دەنـگ، یـان لـە نێـوان وشـەیەک و وشـەیەکیی تـر یـان گرێیـەک و گرێیەکیـی تـر، یاخـود رسـتەیەک و رسـتەیەکیی تـر درووسـت ببێـت. وەسـتان پشـوویەکیی کورتـە، یـان مامناوەنـدە، یـان وەسـتانی تـەواوە، هیـچ وەسـتانێک بـە بـێ هـۆ نییـە، پشـووی زۆر کـورت بـۆ ئاسـانکردنی دەربڕینـە، کە لـە نێـوان بڕگەکانی وشـەیەکدا دروسـت ئەبێـت. پشـوو خواردنـەوەی کـورت لـە نێوان(وشـە و فرێـز و رسـتە)کان دایـە، بـەڵام پشـوو خواردنـەوەی تـەواو لـە کۆتایـی رسـتەدا روو ئـەدات، کـە بـە رسـتەیەکیی تـرەوە نەبەسـترابێتەوە و بەدوایـدا نەهاتبێت(حەمـەد، ٢٠١٤ ، ٥٩). وەسـتان جۆرێکـە لـە بێدەنگـی، کـە هەندێـک بـە راوەسـتان یـان گواسـتنەوە نـاوی ئەبـەن، کەواتـە وەسـتان پەیوەندییەکـی تـەواوی بـە سروشـتیی پێکهاتـە و دروسـتبوونی فۆنیمە(ڤـاوڵ و کۆنسـنانت)ەکانەوە هەیـە. لێـرەوە ئەتوانیـن بڵێیـن وەسـتان پەیوەندییەکـی تـەواوی بـە هێـزەوە هەیـە، چونکـە هێـز پێویسـتی بـە تەوژمـە هەوایەکـی زۆر هەیـە، کـە پێـش دەربڕینـی هێزەکـە وەسـتانێک لـە دەربڕینـدا دروسـت ئەبێـت بـە پێیـی بەرزیـی و نزمیـی پلـەی دەنـگ و مەبەسـتی دەربڕیـن و وزەی پێویسـت بـۆ دەربڕینـی ئاخاوتنەکـە گۆڕانـی بـە سـەردا دێـت. وەسـتان بـە شـێوەیەکیی گشـتیی ئەکرێـت بـە دوو بەشـەوە:

١-وەسـتانی تەواو(ڕێزمانـی) stop :ئـەو وەسـتانەیە، کـە لـە کۆتایـی هەمـوو رسـتەیەک ئەبینرێـت و رۆڵـی خـاڵ لـە نووسـیندا ئەبینێت .

٢- وەسـتانی ناتەواو(نێـوان) juncture:ئـەم وەسـتانەیە، کـە لـە نـاو رسـتەدا روو ئـەدات لـە دوای بێدەنگبـوون ، یـان نزمکردنـەوەی دەنـگ و دوای وشـەیەک، فرێزێـک ، رسـتەیەک، ئەگـەر رسـتەیەکیی تـری بـە شـوێندا بێـت، یـان لـە نـاو تێکسـتێکدا بێـت ، واتـە زیاتـر لـە دوو رسـتە دەسـتپێکردنەوەی دەنـگ بـۆ تـەواو کردنـی ئاخاوتنـە. بـە شـێوەیەکیی گشـتیی وەسـتان ئەرکـی جیاکردنـەوەی بەشـەکانیی رسـتەیە لـە رووی رێزمـان و واتاییـەوە، هەروەهـا وەسـتانی نێـوان دەنگەکانـی زمـان ئەگرێتـەوە، کـە لـە نێـوان دەنگێـک لەگـەڵ دەنگەکانـی پێـش خـۆی و دوای خـۆی وەسـتانێکی ناتـەواو، یـان نزمبوونەوەیەکـی دەنگـی لـە شـەپۆلەکان ئەبینرێـت، هەندێکجـار ئـەم وەسـتانە وەک هەڵوەسـتەیەک بەدیئەکرێـت، بێگومـان ئەمانـەش هەموویـان لـە ژێـر چەتـری ئـاوازەدا کۆئەبنـەوە( الحمدانـی، ١٩٨٢، ٢٣٦).

وەستان لە وشەدا تێکەڵ بە وەستانی رستە ئەبێت، کە ئەمەش لە ناو رستەکاندا دوو جۆرن:

یەکەمیان:ئەوەیـە لـە نـاو خـودی وشـەکاندا گـۆڕان دروسـت ئەبێـت، کـە پەیوەنـدی بـە مۆرفۆلـۆژی وشـەکانەوە هەیـە، واتـە بـە چۆنیەتیـی دروسـتکردنی وشـەکانەوە هەیـە، یـان چۆنیەتیـی نوسـینیان لە رستەدا.

دووەمیان:کە لە ناو فرێز و رستەکان خۆیاندا دروست ئەبێت. بۆ نموونە لە رستەی:

خوشکەکەتان  ژنی کامیانە؟

ئاشکرایە ئەم رستەیە دوو واتای جیاواز ئەبەخشێت، بەپێیی ئەو وەستانەی لە نێوان وشەکاندا هەیە:

١)ئەگەر وەستانەکە لە نێوان(خوشکە)و(کەتان)دا بوو ئەوە بە واتای ئەوە دێت ئەو ژنەی ناوی(کەتانە)ژنی کامیانە، بەڵام لە نوسیندا دوو وشەکە بە جیا بنوسرێت بەم شێوەیەیە:

- خوشکە / کەتان . . . . . . .

٢)ئەگەر وەستانەکە کەوتە کۆتایی وشەی(خوشکەکەتان)لێرەدا بە واتای ئەوە دێت:

- خوشکەکەتان ژنی . . . . . . . .

واتە جۆری نوسینەکانیش زۆرجار ئەبنە هۆی ناسینەوەی وەستان و جیاکردنەوەی واتاکانییان لە یەکتری وەک لەم نموونەیەدا دەرئەکەوێت:

دەموچاو      ( بە واتای هەموو روخساری مرۆڤ دێت).

دەم و چاو    ( تەنها بە واتای هەر دوو ئەندامەکە دێت دەم لەگەڵ چاو).

لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا وەستان رۆڵێکی گرنگ ئەبینێت، چونکە مامۆستا لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا بۆ ئەوەی سەرنجی خوێندکار رابکێشێت سودی زۆری لێ ئەبینێت، وەستانی نێوان دەربڕینەکان دەرفەت بە مامۆستا ئەدات، تاوەکو نەخشە و بیرەکانی دواتر دابڕێژێت و باری دەروونی خوێندکار و دەوروبەری ئاخاوتنەکان لەبەرچاو بگرێت، ئینجا پەیامەکە بنێرێت، چونکە کاتی وەستانەکان بە گوێرەی باری دەرونی خوێندکار ئەبێت. بێگومان هەموو ئاخاوتنێک وەستانی تێئەکەوێت جا کورت بێت، یاخود درێژ ئەم وەستانەش دوو ئەرک ئەبینێت:(الحمد، ٢٠٠٢، ٢٦٢)

یەکەمیان: پێویستی قسەکەرە بۆ پڕکردنەوەی سییەکانی لە هەوا.

دووەمیان: پێویستی قسەکەرە بۆ پیشاندانی واتاو مەبەستی پەیامەکانیی.

کەواتە پەیوەندی نێوان وەستان و پرۆسەی وانەوتنەوە پەیوەندییەکی پتەوە، چونکە کار ئاسانی زۆر بۆ خوێندکار ئەکات تاکو . زانیارییەکان بە تەواوی وەربگرێت و کاتی پێویستی هەبێت بۆ شیکردنەوەی . زانیارییەکان لە مێشکدا. بۆ نموونە:

١- ئەمرۆ، باس لە ئاستی رستەسازی ئەکەین.

٢- هەوڵبدەن، ئەگینا دەرناچن.

٣- ئایا ، هیچ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان ناو و ناولێنراودا؟

٤- هەرگیز، خوێندکاری زیرەک لە تاقیکردنەوە ناترسێت.

ئەگەر لە هەر یەکێک لەو رستانەی سەرەوە ورد ببینەوە بە ئاشکرا هەست بە وەستان ئەکەین بە شێوەیەک لە رستەی(١)دا وەستانێک هەیە لە نێوان وشەی(ئەمرۆ)و(باس)، کە ئەمەش بۆ راکێشانی سەرنجی خوێندکارە، کە سەرەتای بابەتێکی تازەیە و بەئاگاییەوە گوێبگرن. لە رستەی(٢)دا وەستان لە نێوان وشەی(هەوڵبدەن)و(ئەگینا)، کە ئەمەش بۆ ئاگادارکردنەوەی خوێندکارانە، بۆ ئەوەی هەوڵی زیاتر بدەن. لە رستەی(٣)دا وەستانیک ئەکرێت لە نێوان وشەی(ئایا)و وشەکانی دواتریدا ، کە دیسانەوە ئەمەش بۆ راکێشانی سەرنجی خوێندکارە لە رێگەی پرسیارەوە بۆ ئەوەی بێنەوە ناو کەشی وانەکەیان، لە رستەی (٤)یشدا بە هەمان شێوە وەستانێک هەیە لە نێوان وشەی(هەرگیز)و وشەکانی دواتر، کە ئەمەش بۆ هاندانی خوێندکارانە، کەواتە بە گشتیی ئەتوانین بڵێین دەنگی مامۆستا کاریگەرییەکی زۆری لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا هەیە و پێویستە زۆر بە ئاگایانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١-لـە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا هەبوونـی پەیوەندییەکـی کاریگـەر بنەمـای سـەرەکیی وانەوتنەوەیەکیـی سـەرکەوتوو پێـک ئەهێنێـت، بـەو پێیەیـی یارمەتیـدەرە لـە گەیاندنی(هەسـتەکان، هەڵوێسـتەکان، مەبەسـتەکان، . . . . . هتـد).

٢-فۆنیمـە ناکەرتییـەکان وەک چەترێـک وان بـە سەر(وشـە، بڕگـە، رسـتە)کاندا، هـەر بۆیـە لـە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا ئاسـانکارییەکی بـاش ئەکـەن لـە پێنـاو دەربڕینێکیـی روونـتر و کەمکردنـەوەی تێنەگەیشـتنەکان.

٣-فۆنیمـە ناکەرتییـەکان بەشـدارن لـە واتـادا، بـەو پێیەیـی هەریەکـە لە(هێـز و ئـاوازە و وەسـتان)ئەتوانن گرنگیـی و واتـای وشـەیەک، یاخـود رسـتەیەک بگـۆڕن.

٤-زۆربـەی مرۆڤـەکان ئەتوانـن قسـە بکـەن، بـەڵام لەوانەیـە هەموویـان نەتوانـن بـە درووسـتیی دەنگییـان بەکاربهێنـن، کـە ئەمـەش لـە پرۆسـەی وانەوتنـەوەدا زۆرجـار گرفـت بـۆ فێرخـواز درووسـت ئـەکات.

# The Role of Supra Segmental Phonemes in The Teaching Process


## Abstract

The title of the research is (The Role of Supra Segmental Phonemes in the Teaching Process). The research method is (Descriptive/Analytical). They are important in the teaching process, because most teachers and educators may not be familiar with the importance and effect of these phonemes in the teaching process, so educators should pay attention to this aspect of language In the introduction and conclusion, the first part is devoted to (a brief about the teaching process), which includes the following topics (teaching as a process, teaching process concept and introduction, main elements of teaching process, teaching methods, characteristics of successful teaching). The second part is entitled (The role and importance of non-sector phonemes in the teaching process), which includes the following topics (classification of language phonemes, supra segmental phonemes, the role of supra segmental phonemes in the teaching process, stress, intonation, pause. ).


**Key words: Teaching process, supra segmental phonemes, stress, intonation, pause.**


## الملخص

عنـوان البحـث هـو (دور الصوتيـات المقطعيـة العلويـة في عمليـة التدريـس). منهـج البحـث هـو (وصفي/تحليـلي). وهـي مهمـة في عمليـة التدريـس، لأن معظـم المعلمـين والمربـين قـد لا يكونـون عـلى درايـة بأهميـة وأثـر هـذه الصوتيـات في عمليـة التدريـس، لـذا ينبغـي عـلى التربويـين الاهتـمام بهـذا الجانـب مـن اللغـة في المقدمـة والخاتمـة، الجـزء الأول هـو خصـص لـ (نبـذة عـن عمليـة التدريـس)، ويتضمـن المواضيـع التاليـة (التدريـس كعمليـة، مفهـوم العمليـة التعليميـة ومقدمتهـا، العنـاصر الأساسـية لعمليـة التدريـس، طـرق التدريـس، خصائـص التدريـس الناجـح). أمـا الجـزء الثـاني فـكان بعنـوان (دور وأهميـة

الصوتيات غير القطاعية في عملية التدريس) ويتضمن المواضيع التالية (تصنيف الصوتيات اللغوية، الصوتيات فوق القطعية، دور الصوتيات فوق القطعية في عملية التدريس، التشديد، التجويد ، يوقف. ).

**الكلمات المفتاحية: عملية التدريس، الصوتيات فوق المقطعية، التشديد، التجويد، الوقفة.**

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان

١- ئەمین، وریا عمر(٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٢- غەریب، دڵشاد محمد، (٢٠١٩)، هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکوکدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

٣- کانەبی، رەحمان ئیسماعیل حەسەن(١٩٩٨)، پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئیبن روشد، زانکۆی بەغداد، بەغداد.

٤- حەمەد، سۆران عەبدولرەحمان. (٢٠١٤)، رۆڵی ئاوازە لە گەیاندنی واتادا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٥- مەحوی، محمدی(٢٠٠٨)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی، فۆنەتیک، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.

٦- عەلی، تاڵیب حوسێن(٢٠٠٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازیی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، هەولێر.

٧- رسوڵ، ابراهیم رسول(٢٠١٤)، دەروازەیەک بۆ وانەوتنەوە، چاپخانەی نارین، هەولێر

٨- سیوەیلی، ئیدریس(٢٠١٤)، مامۆستای کارامە و وانەوتنەوەی سەرکەوتوو، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٩- واحد، ساکار کەمال(٢٠١٣)، کاریگەریی دەنگ لەسەر گۆڕانی واتا لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

١٠- مەعروف، ئارام عەبدولواحید حەمە ڕەشید(٢٠١٢)، ڕێزگرتن لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١١- قەرەچەتانی، کریم شریف(٢٠١٤)، سایکۆلۆژیا و ڕێگەکانی وانەوتنەوە، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

### سەرچاوە عەرەبییەکان

١- السعران، محمود(١٩٦٢)، علم اللغه، جامعه الاسكندريه، دار المعاريف، بمصر.

٢- ليلى، سهيل(٢٠١٠)، التنغيم و اثره فى اختلاف المعنى و دلاله السياق، مجله كليه الاداب و العلوم الانسانيه و الاجتماعيه، العدد السابع، جامعه محمد خيضره.

٣- الحمد، غانم قدورى(٢٠٠٢)، المدخل الى علم الاصوات العربيه، منشورات المجمع العلمى، بغداد.

٤- الحمدانى، موفق(١٩٨٢)، اللغه و علم النفس، دار الكتب للطباعه والنشر، الموصل.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

Banner, J. M. and Cannon, H. C. , (2017), The elements of teaching. Yale University Press.

Dr. Ismail Al-Rawi, (2013), Teaching Methodology and its Effects on Quality Learning, Journal of Education and Practice, Vol. 4, No. 6,

Elock Emvula Shikalepo, (2019) The Three Characteristics of an Effective Teacher, Research Journal of Education, Vol. 5, Issue. 8, Namibia University of Science and Technology, Namibia.

Isola Rajagoalan, (2014), concept of teaching, shanlax international journal of education, vol (7), no (2).

Maddalena Taras, (2010), Assessment for learning: understanding theory to improve practice, Journal of Further and Higher Education Volume 31, - Issue 4.

Munna, A. S. and Kalam, M. A. , )2021(. Teaching and learning process to enhance teaching effectiveness: a literature review. International Journal of Humanities and Innovation (IJHI), 4(1), pp. 14-.

Richert, A. , )1992( ,Voice and power in teaching and learning to teach. Reflective teacher education: Cases and critiques, pp. 187197-.

Robert Coe, Cesare Aloisi, Steve Higgins and Lee Elliot Major, (2014), what makes grate teaching (review of the underpinning research), Durham University.

Schoenfeld, A. H. , )1999(. Models of the teaching process. The Journal of Mathematical Behavior, 18(3), pp. 243261-.

Theall, M. and Franklin, J. , 1990. Student ratings in the context of complex evaluation systems. New directions for teaching and learning, 1990(43), pp. 1734-.

Bukowski, Dariusz (2013), Intonation in teaching pronunciation , Major Articles, Poland.